# ژنان و کچانی کورد

# لە دۆزەخی

# پرۆسەی ئەنفالدا

لێداون و لێکۆڵینەوە

٢٠٠٥- ٢٠٠٨

سوێد

**ئامادەکردن و نووسینی**

**ئاسۆ بیارەیی**

سلێمانی

٢٠١٣

ناوی کتێب: ژنان و کچانی کورد لە دۆزەخی پرۆسەی ئەنفالدا

بابەت: لێدوان و لێکۆڵینەوە

نووسینی: ئاسۆ بیارەیی

تایپ: وەرگێڕ

چاپ: چاپی یەکەم- نیسانی ٢٠١٣

زنجیرەی سەنتەری مارگرێت: ()

سەرپەرشتیاری چاپ: مژدە عەباس

دیزاین: ئازاد حاجی

تیراژ: هەزار دانە

چاپخانە: چاپخانەی کەمال

<u>لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها رەسوڵ چاپکراوە</u>

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ سەنتەر مارگرێت

سوپاسێکی گەورە بۆ ئەو ژنانەی کەتوانیان چالاکانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشداربن، دوای ساڵانێکی پاشوەخت ئازاری خۆیان و قوربانیانی کۆمەڵکوژی ئەنفالی عەرەب دژی نەتەوەی کورد، باسبکەن و لە نەمان ڕزگاری بکەن.

سوپاس بۆ پرۆفیسۆری دەروونناسی کۆمەڵایەتی لاش ئەریک لە زانکۆی خێڤدە سوێد و هەموو ئەوو کەسانەی هاوکاریان کردووم لە ڕێکخستنی ئەم ڕاڤەیەدا..

**ئاسۆ بیارەیی**

**٢٠٠٥**

## پێشکەشە

- بەو بەبانەی کە سەربازە دڵڕەقانەی عروبە لەسنگی دایکیان ڕایانڕنین  و زیندە بەچالیان کردن
- بەو کیژانەی کە کوردە خۆفرۆشەکان کردیانن بەدیاری بۆ سوپا فاشستەکەی سەددام
- بە دایکم، کە فێری کردم چۆن نیشتمان و مرۆڤایەتیم خۆش بوێ
- بەو مرۆڤانەی کە کرانە قوربانی ئەنفال و پاکسازی نەتەوەیی
- بەهەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان و.....
- بەو پێشمەرگەقارەمانەی کە گیانیان لە پێناوی ڕزگاری کوردستاندا بەخشی..

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێش ووته ... | ٧ |
| پوخته – ئەبستراک ... | ٩ |
| قۆناغەکانی زەبری دەروونی ... | ١٠ |
| مەبەست و ئامانج ... | ١٢ |
| گەڵاڵەکردن/ ئەنجام ... | ١٥ |
| شیکردنەوە/ ئەنالیزەکرن ... | ١٩ |
| تاوتوێکردن و ئەنجامگیری ... | ٢٢ |
| چارەسەر و پێشنیار ... | ٢٤ |
| پێناسە ... | ٢٦ |
| سەرچاوەکان ... | ٢٨ |
| دەسەکەی پرسیارەکان ... | ٣٠ |
| کەیسەکان ... | ٣١ |
| ئاسۆ بیارەیی کێیە؟ ... | ٨٩ |

## پێش ووشە

ئە نفال، پراکتیزەکردنی بیروباوەری شۆفێنستی عەرەبییە، دروشمی قڕکردنی نەتەوەکانی ترە، بە عەرەب کردنیانە.

بەعسی فاشستیش ئاڵا هەڵگر و تەواوکەری ئەو ڕێبازە بوو، کە ١٤٠٠ ساڵ زیاترە لە خاکی نیمچە دورگەی عەرەب سەری هەڵدا. ئەنفال، چەکی کوشندە و بێهۆشکەری دەستی ئەو مجاهدانەیە کە سوپای بەناو ئیسلامیان پێکهێناوە و بووەتە کاکڵەی مێشکیان.

لەسەرەتادا پێویستە ئەوە بڵێم، لەکاتی ئەم لێدوانەدا، لەگەڵ ئەم کەسانەدا، بست بە بستی ناوچەی گەرمیان وەکو خەونێکی گەنج، هاتە بەر پانتایی بینینی چاوەکانم. گوندەکان، ڕێگەکان و دۆڵ و هەردەکان، هاوار و قیژەی منداڵان و کیژانی دیلی سوپای داگیرکەران و جاشە خۆ فرۆشەکان، ئاهەناڵەی ڕاکردوەکان، دەشتی کاکی بەکاکی گیانمی، سەر لە نوێ خستەوە ناو ئاهی هەبوەوەیەکی پڕ گریانەوە، گریانێک کە ١٦ ساڵە زیاتر، هەموو نەورۆزێک خۆی تێکەڵ بە هاژەی فراوانی کوێستانەکان دەکات و لەبەردەم دەروازەی هیوای گەلێکی چل ملیۆنی دەبینێتەوە.

بەڵێ: قەعقاع دەبینم عەگالەی لە دەستی دایکێکی کوڕ لە کێوان بەستووە و بەداوی حوشترەکەیدا، بەناوی لمی ڕومادیدا ڕایدەکێشێت، گوێم لە فەتوای ئیمامەکەی مەککە و مەدینەیە، دنیا ئاخرە، کیژانی کورد دەکاتی جاریە و حەڵاڵی سەحابە جاهلەکانی دەکات. زۆڵە کوردەکان دەبینم، کە بۆ تاڵانی و فەتحی خاکی باو باپیرانیان، کۆڵیان پڕ لە کەللەسەر کردوە. ڕاستە ئەنفالچیەکان، میللەتی کوردیان بە زۆری شمشێر کرد بە موسڵمان، ئەوەی کە جێگەی سەربەرزیە ئەوەیە کە نەیانتوانی کورد وەکو نەتەوەیەک بتوێننەوە.

**ئاسۆ بیارەیی/ ئارام هەورامی**

**٢٠٠٨ سوێد**

## پوختە - ئەبستراکت

ئەم شیکردنەوەیە لە سەر وەڵامی پێنج ژنی قوربانی ئەنفال کراوە کە سەرەڕای زیانی دەرونی و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک زیانی تریان پێگەیشتووە. لە ڕێگەی ئەم شیکردنەوەیە، وێنەیەکی دیار دەردەکەوێت کە ئەو ژنانە باری ژیانیان چۆن بووە لە کات و دوای ئەنفالدا. مەبەستی ئەم شیکردنەوەیە تێگەیشتنێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی لە بارەی بەکارهێنانی مێینە وەکو ئامراز و چەکێک بۆ ڕیسواکردن و توانەوەی ناسنامەی گەلێک. بۆ دەستەبەرکردنی ئەو زانیاریە، پرسیار لێکراوەکان بریتن لە پێنج ژن (مێینە) و پرسیارەکان لە بارەی پێناسەی ئەوان وەکو مێینە بۆ پرۆسەی ئەنفال، باری ژیان لە پێش و پاشی ئەنفال، کاریگەری دەرونی و کۆمەڵایەتی و کێشە هەنووکی و داوڕۆژەکانیان بەهۆی ئەنفاڵەوە کە بووەتە بەشێک لە ژیانیان.

## دەستپێک

بۆ بە پیتکردنی ئەم شیکردنەوەیە و تێگەیشتنێکی زانستی لە سەر کاریگەری پرۆسەی ئەنفال لە سەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتی مێینەی کورد، لە ڕۆشنایی کۆمەڵێک لێدوان و سەرچاوەی زانستی، توانیومە سوود وەرگرم. بەراوردکردنی ئایەتی ئەنفال و سەرچاوە زانستیەکانیشم بەکاربردوە.

## قۆناغەکانی زەبری دەروونی (تراوما)

دامان یان شۆک: قۆناغی یەکەمی تراومایە کە تووشی مرۆڤ دەبێت بە هۆی کارەساتەوە. لە بەر ئەوەی مرۆڤ لەم دۆخەدا هیچ خۆ ئامادەکردنێکی نەکردووە و زانیارێکی پێشووی لە مەڕ ڕووداوەکە نیە، زۆر بە گران دەتوانێت ئەو زانیاریە نوێە تێبگات. ئەم دۆخە (دامان یان شۆک) لە نێوان یەک دەقە یان هەفتە درێژەی دەبێت. لێرەدا ڕادەی هۆشمەندی یان هۆشی مرۆڤ بە هۆی ڕوداوەکەوە زۆر کەم دەبێت و دەبێتە هۆی خەمۆکی. ئەو شۆکە لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی دی جیاوازە و پێکهاتەی بەرگی ئەو مرۆڤە بڕیار دەدات کە کاریگەری چەند دەبێت لە سەری. ئەگەر ڕادەی بەرگریەکە

بەرزبوو، تراوماکە کاریگەر دەبێت، بە پێچەوانەشەو ئەگەر لاوازبوو کاریگەری تراوماکە کە متر دەبێت. چونکە کە مرۆڤ کەوتە قۆناغی خەمۆکییەوە، هەمیشە لە سەنگەری بەرگریدایە بۆ نکوڵیکردنی ئەوبارە ناهەموارەی تێدا دەژێت. بەڵام ئەگەر مرۆڤ توانی دەرونی خۆی هێور بکاتەوە و خەمەکانی هەڵڕێژێت، لە گۆشەگیری رزگاری دەبێت باری دەروونی ئاسان دەبێت. پەسێوکردنی خەم و گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ کاتی ڕودانی کارەساتەکە و دووبارەکردنەوەی ئاکام ئەو مرۆڤە وا لێدەکات کە دنیای ئەندێشە بژیت (کارلسۆن، ٢٠٠٤، لا. ٤٣٠). ئەم ئەڵتارناتیڤەکانی ئەم قۆناغە بە ( پارلیس و هیستیریا) تەواو دەبێت کە مرۆڤەکەی لە گۆ دەکەوێت یان تووشی هیستریان دەبێت. لە هەندێ دۆخدا مرۆڤەکە بۆ هەتا لە گۆ دەکەوێت و دەر ئەنجام بۆ هەتا هەتا لە وو دوو دۆخەدا دەژی.

قۆناغی کاردانەوە: دامان (شۆک) و کاردانەوە پێکەوە پێیان دەوترێت داڕمان ناهەموار. ئەم قۆناغە لە نێوان ١- ٢ مانگ خۆی دەدۆزێتەوە و بەڵام نموونەی ماوەی درێژتریش هەیە ئەگەر نەخۆشەکە چارەسەر نەکرێ.

## مەبەست و ئامانج، فۆرمالیسەکردن و پرسیارەکان

### مەبەست و ئامانج

مەبەستی ئەم شیکردنەوەیە تێگەیشتن و دۆزینەوەی ئەو زیانە دەرونی، کۆمەڵایەتی و ئابوریانەیە کە بە کەسایەتی و ناسنامەی نەتەوایەتی کورد، بە تایبەتی بە ژنان و کچان (مێینە) گەیشتووە بە هۆی پرۆسەی ئەنفال کە ساڵی ١٩٨٨ کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بە چەند قۆناغێک پراکتیزەکرا. هەڵدانەوەی پەردە لە سەر ئەو ژیانەی کە مێینەی کورد، لە کات و دوای کارەساتەکەدا تێدا دەژیت. ئایا ئەتکردن، کوشتن، دەست درێژی و فرۆشتنی مێینە باشترین ئامرازە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەک و ئەو تەورە کاریگەران لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە.

### فۆرمالیزەکردن

من پێم وایە پرۆسەی ئەنفال لە ناوبردنی ڕەگەزی مێینەی وەکو ستراتژێک بەکارهێنا بۆ سڕینەوە و لە ناوبردنی ناسنامەی نەتەوایەتی کورد. لەبەر دیدی ئاینی ئیسلامەوە مێینە لاواز و بێ توانایە و دەستەمۆکردنی ئاسانە، گۆڕین و لە ناوبردنی ئەو نەتەوەیەش بە زەوتکردن، بەکوشنی مێینە دەست پێدەکات.

## پرسیارەکان

بۆ پێوانەکردن و بە دەستهێنانی وەڵامی ئەوەی کە لە ناوبردنی ناسنامەی نەتەوەیەک، بە لەناوبردنی مێینە دەست پێدەکات، پرسیارەکان ئەم فۆرمەیان لە خۆگرتووە: پێناسەی تۆ بۆ ئەنفال چیە، چۆن لێی تێ دەگەی؟ پێت وایە کارەساتی ئەنفال ژیانی تۆی گۆڕیوە، ئەگەر گۆڕیویەتی لە کام ڕووەوە؟ بەراوردێکی ژیانی پێش و پاش ئەنفال، لە باری دەرونی کۆمەڵایەتییەوە؟ کێشەکانی دوای ئەنفال کامەنن، دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئابوری؟

## میتود و ڕێباز

میتود و ڕێبازی ئەمشیکردنەوەیە چۆنایەتیە و پشتی بە کۆمەڵێک لێدوان و سەرچاوە بەستووە، بە هاوکاری خەڵکانێک کە خۆیان قوربانی پرۆسەی ئەنفالن و کەس و کارێکی زۆریان تیاچووە سەرەڕای لە دەستدانی ماڵ و سامانیان. لێداونەکان بە هۆی تەلەفۆن و چاوپیکەوتنی ڕاستەو خۆ کراون و کۆمەڵێک پرسیاری هەمەلایەنەی لە خۆی گرتووە کە پێوەندییان بە باری دەرونی و کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەوە هەیە

که لێداونەکەیان لە گەڵدا کرواوە (پرسیارەکان و لێداونەکان لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیە دان). هەرەها وەرگرتنی هەندێ زانیاری لە کۆمەڵێک سەرچاوە و لە بەر ڕۆشنایی چەند تیۆرێکی دەرونی ناسی کۆمەڵایەتی بۆ شیکردنەوەکە بە کارهێنراوە، لەوانە دروستبوونی ناسنامە، سووتاندن و هەرەسهێنانی دەروونی و کۆمەڵایەتی، دەرهاویشتەکانی کارەسات (تراوما) کە کاریگەری خۆی تا چەند نەوەیەک لە سەر مرۆڤ بە جێ دەهێڵێت لەڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها لەم شیکردنەوەیەدا، سوودم لە ئەزمونی خۆم و چەند کەسێکی تر کردووە کە ڕاستەوخۆ و لە نزیکەوە بینەری پرۆسەی ئەنفالن و ئاگاداری تەواوی ئێش و ئازاری ئەو خەڵکەن. شایەنی باسە پرسیارلێکراوەکان مافی بڵاوکردنەوەی وەلامەکانی خۆشیان داوە کە ناو و وەڵامەکانیان بڵاوبکرێنەوە.

## گەلاڵەکردن

لە بەر ئەوەی ئەم جۆرە شیکردنەوانە ( چۆنایەتی) پێویستی بە کار و توانایەکی زانستی و ئابوری زۆرە، هەوڵم داوە لە وەڵامی ئەو پێنج ژنە، سنووریێک بۆ شیکردنەوەکەم دابنێم. ئەو ژنانە لە تەمەنی نێوان ٤٠ تا ٦٥ساڵن و ئەم باسەشیان دوای ١٦ ساڵ بەسەر پرۆسەی ئەنفالدا تێ دەپەڕێت. واتە زانیاریەکانیان لە سەر پرۆسەی ئەنفال کۆنن.

## شێوازی کارکردن procedure

بەهۆی تەلەفۆن و چاوپێکەوتنی ڕاستەو خۆ، هەروەها ناوەڕۆکی شیکردنەوەکە بۆ پرسیار لێکراوەکان باسکراوە. هەندێ لە چاوێکەوتنەکان لە ژینەگەی ماڵەوە ئەنجام دراون. لە کۆتاییدا سەرجەمی لێدوان و چاوپێکەوتنەکان نووسراونەتەوە و پێش بڕیاری بڵاوکردنەوە، لەلایەن پرسیارلێکراوەکانەوە پەسەند کراوە.

## ئەنجام

هەموو ئەو پێنج ژنەی کە پرسیاریان لێکرا بە شێوەیەکی ڕون وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە. لە وەڵامی پێناسەکردنی ئەنفالدا، بەم شێوەیە پێناسەی ئەنفال دەکەن و لێی تێ دەگەن: کە ووشەیێکی زۆر ناخۆشە، تەعبیر کردنە لە مردن، سوکایەتی کردنە بە ئینسان، بەرزترین پلەی ڕەسیزم و جینۆسایتە کە ئاوێتەی یەکتر بوون، کۆیلە کردنی ئینسانە لە لایەن ئینسانەوە، لە ناو بردنی ژیان و ژینگەیە، سوتاندنی هەموو ئومێدێک و ئاواتێکە، تێکدانی یاری منداڵانە، کە چاوەڕێی هاتنەوەی باوکیان دەکەن، قینی ڕەشی نەتەوەێکە کە چەندەها ساڵە نەتەوەکانی تر تەعریب دەکات. ئەنفال هەڕەشەکردنی نەمان و لە ناوبردنی مرۆڤەکانە، دڕندەیی مرۆڤە بەرامبەر مرۆڤ و سروشت. ئەنفال (یوم القیامة)ی ئەم دنیایە، باسی دۆزەخ و سووتاندنە.. ئەنفال ووشەیەکی ناشرینە و سوکایەتی کردنە بەمرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە.

پێت وایە کارەساتی ئەنفال ژیانی تۆی گۆڕیوە، ئەگەر گۆڕیویەتی لە کام ڕوەوە؟ بەپێی وەڵامی هەر پێنجیان، ئەنفال بەشێوەیەکی گشتی ژیانی گوڕیون و بەهیچ شێوەیەک یادە پڕ

ئازارەکانی پرۆسەی ئەنفالیان لە بەرچاو وون نابێت، هەمیشە چاوەڕانی گەڕانەوەی کەس و کاریان دەکەن، گوێیان لە هاوار و مردنی مرۆڤەکانە، چاویان لێیە خاک دەسوتێت و ناتوانن ئەو وێنە ترسناکانە لە بەرچاوی خۆیان وون بکەن. هەرچەندە سالآنێکی دوورە کە ئەو کارەساتە ڕوی داوە، بەڵام هەموو بیرکردنەوەیان بووەتە ڕۆژانی ئەنفال و ناتوانن بیر و هۆشیان لەو ڕوداوانە ببچڕێنن. تەواو خۆیان بەبەشێک لە ڕابوردوو ( ڕۆژانی ئەنفال) دەزانن. پێیان وایە مردن و ترس تەواوکەری یەکترین و ئەم دوو تایبەتمەندیە هەرگیز بیرکردنەوەیان بەرنادات. بەپێی وەڵامەکەیان، ئەوان (ئەو پێنج ژنە) ناتوانن بەشێک بن لە ئەمڕۆ، تەنانەت ئەو دۆخە کاری کردووەتە سەر چۆنیەتی ژیانیان و ڕادەی تێکەڵاوی لە گەڵ کەس و برادەر و خزماندا. لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، ژیانیان پەڕەوازەیە و بەشێکی لە ژیانیان وونە و ناتوانن بڕیار بدەن. هیشتا لە بەر چاوەروانی نەیانتوانیوە هەنگاوێک بەرەوە سارێژکردنەوە بنێن. لە بازنەیەکی داخراودا دەژین و هیچ تامی ژیان نازانن چیە.

لە بەروارد‌ێکی ژیانی پێش و پاش ئەنفال، لە باری دەرونی کۆمەڵایەتییەوە، هەرپێنج قوربانیەکە کۆکبوون لە

سەر ئەوەی کە هەرچەندە پێش ئەنفال، ڕۆژانە گوندەکانیان بووردومان دەکرا و هەڕەشەیان لێدەکرا، بەڵام لە بەر ئەوەی ئازاد بوون، دیل نەبوون، هەستیان بەبوونی خۆیان دەکرد و لە بڕیار وەرگرتندا ئازادبوون. کە ئەنفال کران ئەو نەک تەنها ئازادیەیان نەما، بەڵکو کەس و کارێکی زۆریان تیاچوو، شیرازەی خێزانیان بچڕا، سامانیان تاڵان کراو هەژار کەوتن. لە وپەڕی ژیانی سەربەستیەوە، کەوتنە هەژاریەوە و ناچار بوون خراپترین ئیش وەگرن بۆ بژێوی ژیانیان.

پێنج قوربانیەکە پێیان وایە کێشەکانی دوای ئەنفال، کۆمەڵایەتی و ئابوری، سەرباری ئەو کێشە دەروونی و کارەسات بەڵام دووچاری کۆمەڵێک کێشە بوونەوە، لەوانە کێشەی کۆمەلایەتی و ئابوری. قوربانیەکانی ئەنفال بە تایبەتی ژنان و کچان بە چاوێکی سووکەوە لە لایەن کۆمەڵگاوە (لە بار داب و نەریتی ئاینی کۆمەڵایەتی) سەیریان دەکرا و ڕۆژانە دووجاری گرفت دەبوونەوە، قوتابخانەکان منداڵەکانیان ناونووس نەدەکردن، کارەکانیان لە لایەن دەزگا میری و تایبەتیەکانەوە پشتگوێ دەخرا. بەکرێیەکی کەم خاوەن کارەکان کاریان پێ دەدان. لە هەمووی ناخۆشتر، تائەمڕۆش ئەو سیخور و سەرۆک جاشانە کە کەس و کاریانی فرۆشتووە بە حکومەتی

عێراق، بە ئازادی دەگەڕێن و هەندێ جاریش هەڕەشەیان لێ دەکرێت، کە دەبێت بێ دەنگ بن.

لە باری دەروونیەوە، پێیان وایە هەست بەبوونی ژیان ناکەن و چاوەڕیی مردنێکی لە سەرخۆن. ئەوان مردون لە لاشەیەکی زیندودا کات بەسەر دەبەن. ئەوان ئەو پێنج قوربانیە، هەمیشە لە دڵەڕاوکێ، شپرزەییدا دەژین و لە گەڵ خودی خۆیاندا نامۆن و لە کێشەی ناوخۆییدا دەژین کە کاری کردووەتە سەر ڕەفتاری ڕۆژانەیان و وەکو جاران ناتوانن پێوەندی لە گەڵ ژینگەکەی خۆیاندا ببستنەوە. ئەوەش وای لێکردوون کە گۆشەگیربن و لە خەمۆکێکی شاراوەدا بژین. نەبوونی دەسەڵات بۆ یەکلایکردنەوەی بار دەروونی گەورەترین کۆسپیانە

## شیکردنەوە و ئەنالیزەکردن

سەرجەمی قوربانیەکان، ئەنفال وەکو سەرچاوەی مردن و نەمانی ژیان پێناسە دەکەن. ئەو پێناسەیەی ئەنفال، کاریگەری ئەنفال وەکو پرۆسەیەکی لە ناوبردنی گیانلەبەر نیشان دەدات، وێنەیەک لە نزم بوونی بەهای مرۆڤ و سروشت دەداتە دەستەوە کە مرۆڤە دڕندەکان چون مرۆڤەکانی تر

نێچیر دەکەن و لە ناویان دەبەن، تەنها لە بەر ئەوەی ڕەگەز و زمانی ئاخفتنیان جیایە، **[تەعبیر کردنە لە مردن، سوکایەتی کردنە بە ئینسان، بەرزترین پلەی ڕەسیزم و جینۆسایتە کە ئاوێتەی یەکتر بوون، کۆیلە کردنی ئینسانە لە لایەن ئینسانەوە، لە ناو بردنی ژیان و ژینگەیە، سوتاندنی هەموو ئومێدێک و ئاواتێکە]**. یەکێکی دی لە قوربانیەکان دەڵێت: **[ئەنفال یوم القیام]**ی ئەم دنیایە، باسی دۆزەخ و سووتاندنە، لیرەدا بێ دەسەلاتی مرۆڤ وەکو نێچیرێک پیشان دەدات بەرامبەر ئەوانەی کە پرۆسەی ئەنفالیان جێبەجێکرد. سوربوون لە سەر لە ناوبردن و بنبڕکردنی نەتەوەیەکی تر، وێنەیەکی ترە. لە تراژیدیا و کارەساتی ئەنفال، کە قوربانی دەرەکان. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەری دەبڕن، لەوانە سووتاندی ژینگە و دوای دیلکردنی مرۆڤەکان، تا چیتر بیر لە بوون نەکەنەوە، تا چیتر باسی نانسنامەی کۆمەلایەتی و نەتەوایەتی خۆیان نەکەن.

لە ناوبردنی ناسنامەی مرۆڤێک یان کۆمەڵگەیەک لە ڕێگەی بە کارهێنانی ڕێگەگەلی جۆراو جۆر، بەکارهێنانی زۆر بۆ گۆڕین یا لە ناوبردنی ناسنامە، لە دەبڕینی قوربانی دەرەکاندا دەردەکەوێت کە چەند ساڵێکی دوای کارەساتەکەی پرۆسەی

ئەنفال ناتوانن وەکو جاران خۆیان لە گەڵ ژیانی ئاساییدا بگونجێنن و بناسنەوە، [مردن و ترس تەواوکەری یەکترین و ئەم دوو تایبەتمەندیە هەرگیز بیرکردنەوەمان بەرنادات. نئێمە ناتوانن بەشێک بین لە ئەمڕۆ، تەنانەت ئەو دۆخە کاری کردووەتە سەر چۆنیەتی ژیانیان و ڕادەی تێکەڵاوی لە گەڵ کەس و برادەر و خزماندا. لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە، ژیانیان پەڕەوازەیە و بەشێکی لە ژیانیان وونە و ناتوانین بڕیار بدەیەن. هیشتا لە بەر چاوەروانی نەیانتوانیوە هەنگاوێک بەرەوە سارێژکردنەوە بنێن. لە بازنەیەکی داخراودا دەژین و هیچ تامی ژیان نازانین چیە]. ئەو وەڵامە لە گەڵ واتای ئایەتی ١٢ لە سورەی ئەنفالدا بە ڕونی دیارە کە(١٢. إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلآئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ). کەواتە ئەو ترسەی کە قوربانیەکان پیوە دەنالێنن، ئەو ترسەیە کە لەو ئایەتە باسی لێوە دەکرێت، کە دەبێت دوژمن تەواو بتۆقێنرێت کە خۆی نەناسێتەوە و لە ناوبچێت.

## تاوتوێکردن و ئەنجامگرتن

هەرپێنج قوربانیەکە بە شێوەیەکی ڕاستەو خۆ و بێ هیچ ئاستەنگێک، بە زمانێکی سادەو باسی ڕوداوەکانی ئەنفالیان کرد. لە گەراندنەوەی ڕوداوەکاندا، دەربڕینی ئازارەکانیاندا، ئەوە دەبینرا کە لە ڕۆژی کارەساتەکەوە بۆ کەس باسی ئەنفالیان بەو جۆرە نەکردووە. لەم شیکردنەوە کورتەدا، هەستم بەوە کرد کە دوو لەو قوربانیانە بە هۆی کاریگەری ئەنفالەوە، تووشی شۆک و شلەژان بوون، کە ناتوانن بەسەریدا زاڵببن و هیچ هیوایەکیان بە ژیان نەماوە و بە تایبەتی دوا ڕۆژی خۆیان، بەڵام تەنها دڵیان بە بوونی منداڵەکانیان خۆشە. ئەوەی کە زۆر کاریگەربوو لە وەڵامی هەر پێنج قوربانیەکەدا، هەستکردن بە وونکردن بوو، خۆیان لە بەرچاو وەکو مرۆ لێ وونە. ئەوەش ئەوە دەگەێنێت، کە کارەساتی ئەنفال ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەوانی شێواندنەوە و خۆ دۆزینەوە کارێکی سەختە بۆ ئەوان. سێ لەو ژنانە کە ئێستە تەمەنیان لە سەرو چڵ ساڵەوەیە، تا ئاستێکی باش توانیویانە خۆیان لەگەڵ ژیانی نوێ بگونجێنن و پێشرەوت بکەن. ئەو سێ ژنە کار دەکەن و پلەیەکی باشیان بەدەستهێناوە لە پۆستی

کارکردندا و پێکەوە نانی ژیانی خێزانیدا و خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتین، ئەوەش تا ڕادەیەک پێوەستە بە تەمەنیانەوە لە کاتی ڕودانی ئەو زەبرە دەروونیەی کە ئەنفال لێیداون. بەلام سەرباری ئەوەش ناخوازن بۆ پاشەوە بگەڕێنەوە و باسی ڕووداوەکانی ئەنفال بکەن. وەک خۆیان دەڵێن زۆرجار خۆیان دەپارێزن.

**ئەو نیشانە سەرەکییە تەندروستیانەی کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ژنانە و کەسانی ژێر کاریگەری زەبری دەروونی (پۆست تراوما) کە پێوەی دەناڵێنن:**

١. هەستکردن بە لاوازی بێ دەسەڵاتی وەکو مێینە ,

٢. بە کارهێنانی مێینە و لە ناوبردن پاکتاوی نەژادی نەتەوەیەک و ئەتکردنی..

٣. بەسەربردن و دیتنی ژیانێکی شۆک و بێ دەسەڵاتی

٤. کەسایەتێکی وون و پساندنی پێوەندیەکان

٥. پساندنی ئارامی و ئاسایشی بوونیان وەکو مرۆڤ

٦. گۆڕانی باری کەسایەتی و کۆمەڵایەتی

٧. دروستبوونی هەستی گوناح و شەرمکرن

٨. دروستبوونی خەمۆکی و ترس

٩. ڕەقبوونەوە لەووشەی چەکدار و لە پیاوان..

١٠. لاوازبوونی توانای وەبیرهاتنەوە

١١. دروستبوونی هەستی بێهودەیی و لە دەستدانی چێژی ژیان

## چارەسەر و پێشنیار

- کردنەوەی سەنتەری تایبەتی ڕۆژانە بۆ ئەو قوربانیانە پێویستییەکی پەلەیە، هەر چەندە دەبوو دوو هەفتەی یەکەم ئەو کەسانە هاوکارییان بکرێ لە ڕوو دەروونییەوە
- کۆمەکی ئابوری، کۆمەڵایەتی و لۆژیکی هەمەلایەنە
- دوور خستنەوە لەو شوێنانە و کەسە تاوانبارانە کە دەبێتە هۆی وەبیرهێناوەی تاوان و تراوماکە و دووبارەبوونەوە
- بەکارهێنانی میتودی نەخشە، پێوانەی ئاستی تراوماکە و چارەسەری دەروونی پەپولە و ڕێلاکس و وەرزش و بەسەکردنەوەی ئەو قوربانیانە.
- کردنەوەی خولی تایبەت و فێرکردن کە هەر هیچ نەبێ ئاسەواری ئەو زەبرە دەروونیە خامۆش بکات و لە ورژاندن و

نوێکردنەوەی رۆژانە. یان سیستی بکا. ئەوەش بەسەرقاڵکردنی ئەو کەسانە بەو خولانەی کە پتر بروایان بەخۆیان بێت و پێداچوونەوەیەک لە کەسێتیان بکەن. یان بەراوردکرن.

- تەرخانکردن و دامەزراندنی کەسانی پسپۆر بۆ ئەو جۆرە چارەسەرانە و خولانە.

# پێناسە

م

**فیزیکیی گروپێ بە شێوازی ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، لە میانەی قەدەغەکردنی زاوزێی بیولۆژیکی یان کۆمەڵایەتیی ئەندامانی گروپەکە، بە جۆرێک نەپساوە بێ و بێ فاکتەری تەسلیم بوون یان نەبوونی مەترسی بێ لە لایەن قوربانیەکانی‌یەوە.**

http://www.klawrojna.com/index.php?option=com_content&task=view&id=416

- **سورة الأنفال- سورة ٨- عدد آياتها ٧٥**

١- يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

١٢. إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى الْمَلآئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُواْ الَّذِينَ آمَنُواْ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُواْ الرَّعْبَ فَاضْرِبُواْ فَوْقَ الأَعْنَاقِ وَاضْرِبُواْ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍ

٤١ وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ

٦٠ وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ
تُرْهِبُونَ بِهِ عَدْوَّ اللّهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِن دُونِهِمْ لاَ
تَعْلَمُونَهُمُ اللّهُ يَعْلَمُهُمْ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فِي سَبِيلِ اللّهِ
يُوَفَّ إِلَيْكُمْ وَأَنتُمْ لاَ تُظْلَمُونَ

## سەرچاوەکان


Kvale, S. ( 1977). Den kvalitativa forskningsintervju. Student litteratur. ISBN 91-44-001851

Karlsson, L. (2004). Psykologins grunder. Lund: Studentlitteratur.

Lundequsit, B, Berglund, (TP), Penaloza, C & Ringsby, G, (1995). Barn Krig Psykoterap.

Växsjö: Trycket av Grafiska Punkten. ISBN 91-88726-16-9

Malstöm, Györki & Sjögren. (1991). Bonniers Svenska ordboken. Stockholm: Bonnier Fakta Bokförlag AB. ISBN 91-34-511962-2

Persson, K. (1988). Relation och Trauma, en bruks bok om mötet mellan hjälpare och offer för sexuella övergrepp. Falun: AiT Scandbok. ISBN 91-27-06773-4

Rönnmark, L. (1999). Fallna löv, om coping vid förlust av små barn. Göteborg: Kompendiet AB. ISBN 91-973775-0-3

Stevens, R (1998). Att förstå människor. Lund: Studentlitteratur.

Avhandling

Knutsson, M.(2002). Att leva vidare efter krig och etnisk rensning. En empirisk studie av kvinnors mentala hälsa i Bosnien-Hercegovina och Kroatien. STOCKHOLMS UNIVERSITET: PSYKOLOGISKA INSTITUTIONEN.

Elektroniska källor

Baksi, k. (2003). [ Elektronisk]. STÄLL DEN KEMISKE ALI INFÖR RÄTTA I HALABJA. Tillgänglig:< http://svartvitt.se/red_ord_nov03.htm> [2007-10-17].

Dostan, H. (2003). Anfal är på många sätt en kopia av Förintelsen, men i mindre omfattning. Tillgängligt 25-2-2008, http://web.telia.com/~u21123730/halabja-anfal.htm

## دەسەکی پرسیارەکان

١. ئەنفال چۆن پێناسە دەکەی؟

٢. پێش ئەنفال چۆن دەژیایت، لە گەڵ کەس و کارتا بوویت؟

٣. چۆن ئەنفال دەستی پێکرد، هیچت لە بیرە؟

٤. کە ئەنفال دەستی پێکرد، تۆ لە کوێ بوویت و تەمنت چەندبوو؟

٥. ماوەی ئەنفال چەندبوو؟

٦. کەسێک لە ئەندامی خێزانەکەت یان کەس و کارت لە ئەنفالدا تیاچووە؟

٧. ئەنفال چ گۆڕانکارییەکی بەسەر ژیانتا هیناوە؟

٨. ئێستا هیچ بیری ڕۆژانی ئەنفال دەکەی، چ یادێکی ترسناکت دیتەوە بیر کاتێک باسی ئەنفال دەکرێ؟

٩. کێشەکان کامانەن کە دوای ئەنفال ڕوبەڕوت بوونەتەوە؟

١٠. هیچ یارمەتیەکی دەورونی و مادیان داوی، دوا کارەساتی ئەنفال؟

١١. دەتوانی بەراوردێکی ژیانی ئێستات و ژیانی ڕۆژانی ئەنفال بکەیت؟

١٢. پەیامت بۆ دەسەلاتدارانی کوردستان و جیهان چییە؟

## کەیسەکان

کەیسەکان بەرەزامەندی قوربانیەکان بلاوبوونەتەوە، هەرچەندە من دەمخواست کە کۆدبکرێن، بەڵی خۆیان بە باشیان زانی ئەوە وەک هەنگاوێک بێت بۆ ئەوەی هەموو قوربانیەکی کورد بتوانێ ئازارەکانی خۆی بخاتە ڕوو دەرگایەکیش بێ بۆ ئەوانی دی کە بەدەست هەمان ئازارەوە دەناڵێنن، هەروەها پشکەش کردنی ئەزمونی خۆیان کە بە باسکرنی ئەو یادەوەرییە تاڵانە فشار لەسەر دەروونیان کەم دەکاتەوە، پیشان بدەن بۆ قوربانی دی.

## کەیسی ژمارە یەک


## دۆزەخی ئەنفال و ١٦ ساڵ چاوەڕوانی



ئەوەی کە گڕە کارەساتی ئەم باسە لە جەرگیدا هێشتا گڵپەی دێت و باستان بۆ دەکات، ناوی (شلێر فەخرەدین) ەکە ناسراوە بە شلێر مام ساڵح.

## شلێر خان، ووشەی ئەنفال وا پێناسە دەکات :

ووشەیێکی زۆر ناخۆشە، تەعبیر کردنە لە مردن، سوکایەتی کردنە بە ئینسان، بەرزترین پلەی ڕەسیزم و جینۆسایتە کە ئاوێتەی یەکتر بوون، کۆیلە کردنی ئینسانە لە لایەن ئینسانەوە، لە ناو بردنی ژیان و ژینگەیە، سوتاندنی هەموو ئومێدێک و ئاواتێکە، تێکدانی یاری منداڵانە، کە چاوەڕێی هاتنەوەی باوکیان دەکەن، قینی ڕەشی نەتەوەیێکە کە چەندەها ساڵە نەتەوەکانی تر تەعریب دەکات.



من لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٣ م، ئەو ساڵەی هەڵگرانی ئەنفال دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەو ساڵەی ڕەشە خامی نەگبەتی بەری ئاسمانی عێڕاقی گرت , ساڵی هاتنی بەعسییە نازیەکانە.

لە بەر چالاکی سیاسی، ساڵانی هەشتاکان، ماڵمان لە شاری کەرکوکەوە گواستەوە بۆ (بناری گل) لە گەرمیان، لە گوندی کانی قادر نیشتەجێ بووین، هەرچەندە بوردومانی ڕۆژانە لەسەر ناوچە ڕزگار کراوەکان هەبوو، بەڵام لای خەڵکی گوندەکانی گەرمیان وەکو شتێکی ئاسایی لێهاتبوو.

هەندرێن ی کوڕم هێشتا نەمامی تەمەنی نەبوو بوو بە دوو ساڵ، وەکو منداڵانی دی کوردستان، لە ووشەی بابە و دایە و پێکەنین زیاتر، هیچی تری نەدەزانی. وەرز دوا هەفتەکانی تەمەنی بەهاری گەرمیان بوو، دنیای کورد بۆنی باروتی دەدا، کارەساتی کیمیاوی بارانی هەڵەبجە و خوێنی پێنج هەزاری شەهیدی لە ئازاری خاکی داگیر کراودا دەریایێکی خوێنیان پێک هێنا بوو. بەڵێ سەرەتای مانگی چوار بوو، کارەسات لە نیگای گەورە و بچوک بە دی دەکرا.

ڕژێم، سوپاکەی لە زۆر لاوە ئامادە کردبوو بۆ ئەنفال، لە بەرزاییەکانی چوار ملان، سەر ڕێگەی شارۆچکەی قادر کەرەم، ئاوایی جەلال، زەنگ ئاباد، داویێ، دوانزەئیمام و زۆر ناوچەی تر. لە ئەنجامی تۆپ باران کردن لە بناری گل دوو ژن کوژران.

جاران کە حوکمەت هێرشی ئەهێنا، هەرگیز شەوانە نەدەمایەوە، ئەمجارەیان هەر ئاواییێکی دەگرت، بنکە و ڕەبییەی تیا دائەناو دەیسوتاند.

ڕومان کردە دۆڵەکانی خۆرنەوازان و لەویێ خۆمان حەشاردا. هەر گوندێک دەگیرا دەست بەجێ لەلایەن جاشەکانەوە تاڵان دەکرا و سوپای ئەنفالیش دەیسوتاند. کاری جاشەکان ڕاوە کورد بوو، بە هەزارەها کوردیان دیلی دەستی سوپای داگیر کەران کرد.

زۆربەی لادێکان داگیر کران و سوتێنران، لە گوندی حەسەن پرچن، ژن و مناڵێکی زۆر لەویێ کۆ بوو بوون، برسیەتی، ماندویەتی و نەخۆشی باری هەموانی سەخت کردبوو.

# گوندی حەسەن پرچن وەرگرتنی بڕیاری کشانەوە

دەنگی فڕۆکەو تانکی بەعس زیاتر نزیک دەبووەوە، خەڵکەکە بوو بە دوو بەشەوە، بەشێک هێندە سەریان لێشێوا بوو بڕیاریاندا تەسلیم ببنەوە، بەشەکەی تریش خۆڕزگارکردنیان هەڵبژارد.

من و مێردەکەم، سەرکەوت، حەزمان کرد هەر چۆنێک بێت خۆمان ڕزگار بکەین، بەڵام فریا نەکەوتین و بەرەو گوندی (برایم غولام) کەوتینە ڕێ، زۆربەی شوێنە گرینگەکان گیرابوون..

سەرباری دژواری و بوردومان، خەڵک هەبوو تراکتۆریان ئەهێنا تاکو ژن و منداڵەکان ڕزگار بکەن، لەو ناوەدا لە نزیک گوندی ئیبراهیم غولام تراکتۆرێک هات و من و هەندرێن ی کورپمی سوار کرد، من نەم دەویست، بەڵام سەرکەوتی مێردم ووتی : خەمی منت نەبێ، لە دەرەوەی قادرکەرەم یەکتری دەبینینەوە. لەوێ لە سەرکەوت ی مێردم بۆ یەکەم جار جیابوومەوە.

بۆ دوا جار پێم ووت : شەهید بوونمان زۆر سەر بەرزترە تاکو بکەوینە دەست ئەو گورگانە. لەبەر زۆری ژمارەی سەرباز و جاش، خەڵکەکە تێکەڵ بووبوو.

## خەڵکی کورد پەروەری شارۆچکەی قادرکەرەم

خەڵک وەکو لافاوێکی خوێناوی ڕوی لە شارۆچکەی قادرکەرەم دەکرد، دانیشتوانی شاریش، نان، جل و بەرگیان دەبرد پێشکەشیان دەکرد. خەڵکێکی زۆر میوان دۆست بوون، سەرەڕای بوونی سوپای داگیرکەران لەوێ، بەڵام ئەوان چاو نەترسانە یارمەتیان بە هەموو کەسێک دەدا، دەرگایماڵەکانیان ئاواڵە کردبوو.

لە دەرەوەی قادرکەرەم زۆر چاوەڕێی مێردەکەم کرد، بەڵام هەر نەهات، ناچار خۆم کردە قادرکەرەمەوە و لەوێ ماڵی خەزورم دۆزییەوە، ناو شار لە جاش جمەی دەهات. لەهەرکێم دەپرسی کوا سەرکەوتی مێردم، ئەیان ووت لە ئیبراهیم غولام دیومانە.

بەڕێککەوت جاشەکانی (ڕفعەت گلی) م بینی، دەفتەرێکیان پێ بوو ناوی خەڵکێکی زۆری تیا نوسرابوو، پێم ووتن توخوا بزانن ناوی مێردەکەی منی تیایە. ووتیان ئێمە ناوێکی زۆرمان

نووسیوه، کاتمان نییه سەیری بکەین، وەرە خۆت سەیری بکە. ناوی سەرکەوتی مێردمم دۆزیەوە، لێم پرسین لە کوێیە ؟ ووتیان : خەمت نەبێ کەمێ پرسیاری لێ دە کرێت و بەڕەڵا دەکرێت.ئیتر لەوساوە سەرکەوتی مێردمم نەبینیەوە.

بۆ بەیانی سوپا بە بڵندگۆ، خەڵکی شارۆچکەی (قادرکەرەمیان) ئاگادار کردەوە، ئەگەر بێت و هەرماڵێک خەڵکی دەرەوەی شاردبێتەوە، ماڵەکانیان دەسوتێنرێت بە سەریاندا و سزایان دەدەین. لەبەر ئەوە زۆربەی خەڵکە ڕاکردوەکە ڕویان لە ئۆردوگاکە کرد کە دروست کرا بوو.

ناچار بەبێ مێردەکەم، لەگەڵ دایکم و کۆمەڵێ خزمان بەدزیەوە خۆمان کرد بە شاری کەرکوکدا.

## بەرەو هەولێر

دوای چەند مانگێک بۆ ئەوەی نەگیرێین، بڵاوەمان بە خۆمان کرد،بن چوم بۆ شاری هەولێر، حەوت مانگ مامەوە و دواجار چوم بۆ ماڵی خەزورم لە گردە گۆزینە لە کەلار جێگیر بووم، ساڵێک کەمتر لەوێ مامەوە. دیسان سەرلەنوێ گەڕامەوە بۆ هەولێر توانیم لە کارگەی چنین کارێک بدۆزمەوە.

## له ناوچوون

منیش وەکو ئەو خەڵکە بێچارەیەی گەرمیان، بێ قوربانی نەبووم. پێنج خوارزا، دو برازای دایکم و نزیکەی ٨٨ کەسی بنەماڵەکەمان لە ئەنفال تیا چوون.

## گۆڕانکاری ژیانم دوای ئەنفال

من و هەزارەهای تر، کە کەس و کاریان بێ شوێنە، گەورەترین زیانی دەرونی و ماڵیمان پێگەیشتوە. من ١٦ ساڵە چاوەڕێی مێردەکەم دەکەم، چاوەڕێم ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆتایی بەو چاوەڕوانییە بێت و ئاسۆیەک ساتەکانی ژیانم ڕۆشن بکاتەوە. من تا ئێستا ژیانم بە چاوەڕوانییێکی ترسناک و ئەنفالاوی، پڕ لە ئازار و ئەشکەنجە دەبەمەسەر.

کە کورەکەم دەبینم، هێندەی دی چارەنوسم لە چاوەڕوانی بارم گران دەکات. خەڵکینە من هاوسەر ژیانم دیار نییە. کەسێک کە بەشێکی گەورەی ژیانی من و کورەکەم پێک دێنێ.

شلێر خان بە هەنسکێکی بێ هیواییەوە درێژەی بە باسەکەی دا:

## مۆتەکەی ئەنفال و ڕۆژان

من یادگاری نازانم چییە، ئەوەی ڕۆژانە سەرقافڵەی خەمەکانم دەگرێ و دام دەچەڵەکێنێ، دەنگی بۆمب و ئاگرە، ڕەنگی زەردی هەڵگەڕاوی منداڵانە، ڕۆ ڕۆی دایکانە، کاروانێکی سەر لێشێواوە، کۆمەڵێک ئینسانی دیلە، کە بێسەرو شوێنن.

لە بیرمە ژنێک بە ناوی (ئاوات) کە کە شووەکەی پێشمەرگە بوو، دوو گیان بوو، لە سەر کانی، لە گوندی کانی قادر، بەیانییێکی زوو بینیم، زۆر پەرێشان بوو. لێم پرسی ئاوات خان چیتە وا پەشۆکاوی ؟ ووتی : دەڵێن شەڕە و دەترسم باوکی منداڵەکان شەهید بوو بێت.

ووتم : جا بۆ نوکە زانیوتە کە ئەو، ئەو ڕێگایەی هەڵبژاردوە؟

من گەڕامەوە ماڵەوە، گوێم لە دەنگی دوو تۆپ بوو تەقین، هاوار و قیژە لە ئاوایی بەرز بووەوە، ئاوات خان و منداڵەکانی شەهید بوون.

بەڵی، ئە مە یەکێک لە یادگارییەکانمە، ئێستاش دیمەنی خەماوی ئەو ژنە گەنجە و منداڵانەم لە بەرچاوە، خوێنی ڕژاوی

بەرچاوەکانم سور دەکات و هیواکانم هێندەی تر لێڵ دەبن. ئەم مۆتەکە سامناکانەی ئەنفال هەمیشە بیناقاقام دەگرن و دەیانەوێ بمخنکێنن.

زۆر جار لەخۆم سەرسوڕماو دەبم، کە چۆن بەرگەی ئەو هەموو کارەساتەم گرتووە، نەک هەر من بەڵکو ئەوانەی بەڕواڵەت لە کارەساتی ئەنفال رزگاریان بووە. دەڵێم ڕواڵەت چونکە دوای ئەنفال تووشی دۆزەی چاوەڕوانی دیتنەوەی کەسوکار دەمانسوتێنێ.

ڕاپەڕینی ١٩٩١ گەورەترین مزگێنی بوو بۆ گەلی کورد. ئەی ئێمە قوربانیانی ئەنفال چی ؟ چ ئایندەیەکی بە ئێمە دا؟ زلهێزەکانی کوردستان چیان کرد بۆمان ؟

بەداخەوە، هەزار بارە دەیڵێمەوە بەداخەوە، کە نوێنەرەکانی کورد، پارتییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی باشور، نەک نەک هەر ئێمەیان پشت گوێ خست، بەڵکو ڕۆژانە کێشەیان بۆ هەزارەهای وەکو من دروست دەکرد.

من لە کارەساتگەلی ئەنفال، هەندرێن ی کوڕم و ماڵی باوکم بۆ دەرچوو، ئەویش هەموو ئومێدێکمە. کە ڕاپەڕین

دەستی پێکرد، تەمەنی ئەو ٦ ساڵ بوو، کاتی قوتابخانەی هاتبوو.


تاڵترین ڕوداو کە دوای ئەنفال لێم قەوما ئەوەبوو، هەندرێن ی کوڕم تازە لە قوتابخانە ناونووس کرد بوو، ڕۆژێکیان سەیر دەکەم بە گریان هاتەوە بۆ ماڵ، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پێی ووتبوو کە دەبێ ڕەگەزنامەی عێراقی یا ناسنامە بهێنی تاکو بتوانێت درێژە بە خوێندن بدەیت. ئەو کارە زۆر پەستی کردم، چومە لای زۆر لایەن و کەسایەتی، هەوڵم بۆی دا کە ئەو بڕیارە بگۆڕن و کوڕەکەم بگەڕێتەوە بۆ خوێندن. بەڵام بێ هودە بوو. ووتیان ئەبێ مردننامەی شوەکەت بهێنی.

من لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگە نامەیکی هاوسەرگرتنم پێ نەبوو، ئاسان نەبوو ڕەگەزنامە بۆ هەندرێن ی کوڕم دەربکەم.

هیچ ئاسانکارییێکش لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە نەبوو کە هاوکاریم بکەن. ناچار مردونامەییێکم بۆ مێردەکەم دەرکرد تاکوو بتوانم ڕەگەزنامە بۆ کوڕەکەم دەربکەم.

جارێک پێمیان ووت، برۆ ڕەگەزنامەی باوکی بهێنە بۆمان، جارێکی تر بیانوی ئەوەیان دەگرت کە من و هەندرێن ی

کورڕم، قوربانی ئەنفالین و زۆر یاسا نامانگرێتەوە، دوای ساغبوونەوەی چارەنووسی باوکی، ئەوسا هەندرێن بۆی هەیە بخوێنێ. دواجار داوای مردننامەی مێردەکەمیان کرد تاکو دادگای سلێمانی بتوانێ ڕەگەزنامە بدەن بە هەندرێن. بەداخەوە، ئەوانەی لە دەزگاکان کاریان دەکرد، کۆسپی زۆریان هێنایە بەردەمم، بەلالوتەوە تەماشای قوربانیانی ئەنفالیان دەکرد، ئینسان هەستی دەکرد کە هیچ بەهایەکی نییە. هەڵگیرساندنی نێوان ( پدک و ینک ) مافی قوربانیانی ئەنفالی پتر پێشێل کرد، ماڵی وەها هەبوو تەنها کوڕێکیان لە ئەنفال دەرچوو بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لایەنگری یەکێ لەو دوو هێزە بوون، دەکوژرا یان ماڵ و حاڵی تالان و ئەنفال دەکرایەوە.



مردننامەی مێردەکەم (سەرکەوت)

لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکی هاوسەرگرتنم پێنەبوو، ئاسان نەبوو رەگەزنامە بۆ هەندرێنی کورم دەربکەم، هیچ ئاسانکارییەکیش لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە نەبوو کە هاوکاریم بکەن، ناچار مردننامەیەکم بۆ مێردەکەم دەرکرد تاکو بتوانم رەگەزنامە بۆ کوڕەکەم دەربکەم.

## بەرەو هەندەران

نەبونی ماڵ و حاڵێکی سەربەخۆ، نەبونی ئارامی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، کارێکی دەرونی نەگەتیڤی کردە سەر ژیانم کە تا ئێستا پێوەی دەناڵم. تەنیا ڕێگە چارە کە لە بەردەما بوو، ژیانی هەندەران بوو کە ئاسۆی دوو ڕۆژی هەندرێن ی کوڕمی تیا مسۆگەر بکەم.

هونەر و دلێری برام، یارمەتییێکی زۆریان دام. چوومە سوریا، لەوێ ژوورێکم بە کرێ گرت تاکو ئیش و کاری هاتنە دەرەوەم ڕێک بخەم.

لە سوریا، تەنیایی و بیری ڕۆژانی ئەنفال، شەوانە خانەی مێشکمی بەجێ نەدەهێشت. وام لێهات شەوێکیان دەمم لار بوو، چووم بۆلای دکتۆر، ووتی : ئەوە ئەنجامی بیر کردنەوەیە، هەوڵ بدە کەم بیر بکەرەوە. زۆر شەو دەمم لار دەبوو و بەیانیانیش چاک دەبومەوە. ماوەی دوو ساڵ لەوێ مامەوە.

## ئاواتەکانی من و ئەوانی تر

هیچ ئینسانێک بێ ئاوات نیە، بێ خۆزگە نیە. بریا سیستەمێکی وا لە کوردستانی باشور، دابمەزرایە کە بە پلەی یەکەم، ئاسەواری ئەنفالی کەمێک نەهێشتایە و ئاوڕێکی دڵسۆزانەی لە قوربانیانی ئەنفال بدایاتەوە. لەم بوارەدا هەرچی زوتر هەنگاو بنرێ هێشتا کەمە.

کاشکا دەسەڵاتدارانی کوردستان، ئەو کوردە تاوانبارانەی کە بەشداری ئەنفالیان کرد، بیانخستنایەتە بەردەم دادگا، نەک سیاسەتی زۆر بێ و بۆر بێ، لە سەر خوێنی شەهیدان بکەن و چارەنوسی ١٨٠ کەسی لە قوربانیانی ئەنفال، قوربانی بەرژەوەندی پارتایەتی خۆیان بکەن.

بریا بە هەڵوێستێکی گەرمەوە، پیشوازی لە ئێمەی قوربانیانی ئەنفال بکرایە، ڕاستە یەکێکی وەکو من، ئەگەر بوێرم بڵێم کەمێ بەختی هەبوو، توانیم بگەمە وڵاتی سوید، بەڵام هەزارەها زیندوە قوربانیانی تری ئەنفال، لە کوڕ و ژن و پیرەمێرد، کە لە شارەکانی کوردستانی

باشور، بێ یارمەتی، ژیانی خۆیان لە پەژارە و بێدەرامەتی تەواو دەکەن و هیچ ڕێ چارەیەکیان، بێجگە مردنی چاوەڕوانی نییە.

به هەزارەها مێرمندالّ هەن، کە لە سادەترین مافەکانی ژیان، خویندن و نەخۆشخانە بێ بەرین، بە هەزارەها پیرە میرد و بێوەژن هەیە، کە دەزگاکانی کوردستان، هیچ هاوکارییێکیان ناکەن.

ئەم خەمەی کە من هەڵمڕشت، تەنها دڵۆپە خەمێکی خوێناوی بوو، لە دەریای ئەشکەنجەی هەزارەها قوربانی ئەنفال. ڕووی تکام ئەکەمە هەموو ئینسانێکی دۆست و ئاشتی خواز، کە خەمی ئێمە بە ئاسانی وەرنەگرن و فەرامۆشمان نەکەن. من بەزەییم ناوێت، بەڵکو هەنگاوی دڵسۆزانە بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەنفالێکی تر.

# سەرەتای ژیانێکی کوڵەمەرگی

ئەنفال برینێکی قوڵە، کە سارێژنابێتەوە. ئازارێکە کە تێکەڵی دیرۆکی نەتەوەی کوردبووە. چەند دیکۆمێنت لە سەر قوربانیانی ئەنفال بکرێت، هێشتا کەلەبەرێکی ئەو کارەساتە پڕناکاتەوە، کە ١٨٢٠٠٠ ئینسانی سیڤیلی تیا وون بووە.

**قوربانیی ئەمجارە، ژنێکی سیما خەماوییە، کە هێشتا گەرد و دوکەڵی شەڕەکانی ئەنفال، گۆناکانی بەرنەداوە و ساتەکانی ژیانی، وەکو کانی قادری گوندەکەی، داگیرکردوە.**

بەڵێ، ئیوارەیەکی درەنگ وەختی بەهاری ١٩٨٨ بوو، دوای شەڕی سەختی **گوندی تازەشار لە بناری گلی** گەرمیان، ئەو ژنەم بینی کە ناوی ناسکە یە، تەمەنی تەنها بیست ساڵ بوو، وکیژێکی ئاسک ئاسا وووریابوو.

شەڕی تازەشار، شەڕی دەستەو یەخەبوو، ٣٠ پێشمەرگەی قارەمانی (حشح و ینک)، بەرامبەر درەندەرتین سوپای ناوچە، لە بەرە بەیانی ١٩٨٨/٤/٧ تاک چوارو

نیوی ئێوارە، داکۆکیان لە گوندەکە دەکرد. هەزارەها بەچکە وەقاس و زۆڵە کورد، پەیتا پەیتا، لە سەعات پێنج ونیوی بەیانیوە، هێرشان دەهێنا، بەڵام نەیان توانی بستێ بێنە پێشەوە. سوپای داگیرکەران، ناچار لە دووری چەندەها میلەوە، پشتی پێشمەرگەکانی گرت. زۆربەی پێشمەرگەکان شەهیدبوون.دووان لەو هەڵویانەی کە شەهیدبوون، خەڵکی گوندی **کانی قادری قەڵا** بوون، تاریق و جەبار عەبدول کەریم.

تاریکی باڵی بەسەر ڕۆژێکی ئەنفالدا هێنا، بەرەو گوندی شێخ حەمید،لەگەڵ.چەندپێشمەرگەیەکی بریندار کشاینە و سەعات ۸,۳۰ ئێوارە گەیشتینە گوندی کانی قادری کۆشک. لەوێ ئاوایی تەواو چۆل بووبوو. تەنها دەنگی سەگوەڕو قاڕقاڕی ئاژەڵ دەبیسترا. دووسێ ژن و کچمان بینی، ئەوان زۆر ترسان، وایان زانی ئێمە جاشین. پێشمەرگەیەکمان لەگەڵ بوو ناوی **ئاسۆ** بوو، خۆی ناساندو ئەوسا بڕوایان پێکردین.

**ناسکه** یەکسەر هەواڵی تازەشاری پرسی، نەمتوانی هیچ بڵێم. نانێکی خێرایان بۆ چاککردین و لەگەڵ خزمانی تریاندا پانتایی دەشتی گەرمیانیان کردە کاروانێکی دوور.

ئاسۆ بیارەیی

باشتر وایە **ناسکە** خۆی باسی بەشە ئەنفالەکەی خۆیتان بۆ بکات:-



## ژیانێکی وون

من ناوم (ناسکە)یە، تەمەنم ٣٦ ساڵە و خەڵکی گوندی **کانی قادری قەڵام**، لە ناوچەی بناری گلی گەرمیان. خێزانەکەمان پێک هاتبوو لە دایکم، دوو خوشک و برایەک. باری گوزەرانمان زۆر باش بوو و هیچ کەموکورپیەکمان نەبوو. سامانێکی باش لە زەوی کشتوکاڵو ئاژەڵمان هەبوو. پەیوەندییێکی خزمایەتی و دۆستانەمان لە گەڵ ئاوایی و کەسوکاردا هەبوو.

لەبەر ئەوەی ناوچەی گەرمیان لە مێژەوە بە ناوچەیەکی شۆڕشگێڕناسرابوو، ڕژێمی سەدام ڕقی لێ بوو و ڕۆژانە بوردومانی دەکرد، لە دوای ساڵی ١٩٨٧ وە باسی ئەوەدەکرا کە سەدام دەیەوێت ناوچەکە بارباکت و بیسوتێنێ، خەڵکی لەم هەڕەشانە زۆر دەترسان. بەهاری ١٩٨٨ دوای شکانی پێشمەرگە لە ناوچەی قەرەداغ، خەڵکی گەرمیان زیاتر ترسا و کەوتەخۆی.

**ناسکە موحەمەد غەریب**

## شەڕی تازەشار و تاڵانی و ێرانی بناری گل

ئێوارەیەک ووتیان سوپا و جاشەکان، لە سەر جادەی **کۆرمۆر**، هێزێکی گەورەیان بۆ هێرش سازداوە. ئێمەش ئەوەی ژن و منداڵ و پەککەوتەبوو، شەو بەرەو هەرد و کەلۆەس کەوتینەڕێ و لەوێ خۆمان حەشاردا. بەیانی لە دوورەوە دەمان بینی کە چۆن فڕۆکەکانی دوژمن گوندەکانی **تازەشار، ئاوایی شێخ حەمید و کانی قادر** بوردومان دەکەن. بەتایبەتی گوندی **تازەشار** کە شەڕی تیابوو، لە دوکەڵ و ئاگرد نە دەبینرا. من لە هەمووان زیاتر دڵم لای تازەشاربوو، چونکە **ئامۆزایەک و عەلی دەستگیرانم** پێشمەرگەبوون و لەوێ لە شەردا بوون.

تا تاریک داهات، فڕۆکە و بوردومانی تۆپەکان ئەو بنارەیان بەجێ نەهێشت. دەمەو ئێوارە لەگەل چەند کچێکی تردا خۆمان کرد بە (**کانی قادر**) ئاواییدا. ئاوایی تەواو چۆڵ بووبوو، گەلێک ترساین، نەمان زانی چیبکەین. لە سۆراخی کەسوکارمان بووین، دوو کوڕی ئاموازم ئێمەیان بینی، ووتیان ئاوایی کەسی تیا نەماوە و بەرەو

گوندی کۆشک خەڵک کەوتووەتەڕێ، ئەگەر دەتانەوێ ئێمە بە ماتۆڕ دەتانگەێنینە ئەوێ.

خەریک بوو لە ئاوایی دەردەچووین، یەک پۆل چەکدار خۆی کرد بە ئاواییدا، ترساین و وامانزانی جاشن، تەنانەت من ووتم: ئێوە جاشن، یەکێکیان ووتی: کوا جاش جل و بەرگی وایە، ئێمە لە شەڕەکەی تازەشار دەرچووین و بریندارمان پێیە و برسیمانە. باش بوو کوڕێکی خزمان بە ناوی **ئاسۆ** لە ناو پیشمەرگەکاندا ئێمەی ناسییەوە و دڵنیابووین کە ئەوانە پیشمەرگەن. دواتر خیرا نانمان بۆ چاک کردن و لە گەڵ ئاموزاکانمدا بە ماتۆڕ چوین بۆ **کۆشک**. ئەوەم لەبیر ناجێت کە ئاژەڵەکانمان، مانگا و مەڕ و بزن..هتد بە ڕۆیشتنی ئێمە هاواریان لێ هەستابوو، ئەوانیش هەستیان کردبوو کە مەترسییەک بە ڕێوەیە. ئێمە بێجگە گیانی خۆمان هیچمان بۆ نەبرا، تەنانەت یادگاریەکانیشمان لەوێ بۆ ئەنفال بەجێهێشت.

## گوندی کۆشک و شەوێکی سامناک

بە سواری ماتۆڕ لە گەڵ ئامۆزاکانمدا گەیشتینە گوندی **کۆشک**، خەڵکێکی زۆر لە وێ جمەی دەهات، ناسیارێکی زۆر لەوێ بوون و ماڵی دایکمم دۆزیەوە هەموو بە تەمابووین کە شەو لە وێ بمێنینەوە، بەڵام ترساین و کەوتینە ڕێ بۆ گوندی **بەگزادە**. ئێمە دامان نابوو کە لەوێ کەمێک بحەسێینەوە.هێشتا نیوەی خەڵکەکە نە گەیشتبووە ناو ئاوایی دیسان بوردمان ئەوێشی پێ بەڕەوانەبینین و لە تاریکایی هەردەکانی نێوان **بەگەزادە و ئیبراهیم غوڵام** خۆمان بۆ حەشاردان سازدا. هێندە هیلاک بووین، لە ناوماندا هەبوو بەدەم ڕێوە خەوی لێکەوتبوو، کە پێی لە دڕکێک یان بەردێک دەکەوت دادەچڵەکی.

## ئیبراهیم غولام و دەروازەی ئەنفال

خەڵکێکی برسی و جلوبەرگ دڕاو، دڵشکاو وێڵ، لە دڵی ئەم گوندەدا، جۆشی خواردبوو، سەری لێ شێواوی بوو. گریەی منداڵ و قیژەی دایکان و ڕۆ ڕۆی باوکان بەردی نەرم دەکرد، بەڵام ئاگری ئەنفال تەڕو وشکی

پێکەوە دەسوتاند. سات دوای سات، کڵپەی قینی، تۆقاندنی لێ دەباری.

خەڵک دەڕژایە ناو **ئیبراهیم غولام** و جاش و سوپاش ڕاویان دەکردن. زۆرکەس گیران، هەندێکیش توانی دەربچێت و خۆی بکات بە شارۆچکەی قادرکەرەم دا. ئێمە توانیمان بچینە ماڵی خزمێکمان و ڕزگارمان بوو. بۆ بەیانی خەڵک ئاگادار کرایەوە کەئەوەی خەڵکی دەرەوەیە، بێت خۆی ناونوس بکات، یان ئەوەی کوڕی هەیە و لە تەمەنی سەربازیدایە، ئاشکرای بکات بۆ سەربازی. لێرە دەمەوێ بە هەموو کوردێکی بە شەرەف بڵێم، کە جاشەکان، گەورەترین ڕۆڵیان لە دیلکردن و ڕیسواکردنی خەڵکی گەرمیان بینی. هەربۆیەش سزادانی ئەوان، مافێکی ئێمەیە و نابێ دەسەلاتدارانی کورد لێی بێدەنگ ببن.

# پێنج ڕۆژ لە شارۆچکە قادرکەرەم

دەتوانم بڵێم کە شارۆرچکەی قادرکەرەم دەروازەیەکی ئاگرینی دۆزەخی ئەنفال بوو، کە ڕژێمی داگیرکەری بەغدا، بۆ کوردی دروستکردبوو. دەمەوێ زۆرشت بڵێم، بەڵام سامناکی ئەو ڕۆژە تائێستاش وەبیرهێنانەوەی دیمەنەکانم دەسوتێنێت. لە بیرمە، مامێکم، کوڕیکی گەنجی خۆی دا بە دەست جاشەکانەوە تاکو ڕزگاری بکەن، بەڵام ئەوان فرۆشتیان بە سوپا، **سەرکەوتی ئامۆزاشم** هەروەها. تائێستاش گوێم لە نرکەی ئەو دوو لاوەیە. هەندێ جارهێندە بۆیان دەگریم، کە گریان و خەم لێم بێزارن و هەنسکیش منی ناوێ، تا بەیان دادەنیشم و بیرم جەستەمی بەجێ هیشتوە.

نازانم چی باسبکەم ! چۆن دەستپێبکەم؟ ئەوەی بەو خەلکە کرا، تەنها لەو سوپایە دەوەشێتەوە. حکومەت بۆ فریودانی جاشەکان و خەڵکەکە، یەکم ڕۆژ کەمێ نانی بەسەر خەڵکدا دابەشکرد، تاکو زۆرترین ژمارەی خەڵک دیل بکات. لە دوای ئەو ڕۆژە دی تائیستا ئەو خەڵکە بێ سەرو شوێنە.

## شاری کەرکوک

پێنج ڕۆژ لە **قادرکەرەم** ماینەوە و لە ترساندا بۆ ئەوەی نەگیرێین، ڕومانکردە **کەرکوک**. لەماڵی زاوایەکمان شەو ڕۆژێک ماینەوە. زاواکەمان زۆر نیگەران بوو کە ئێمەی بینی، خیرا جل و بەرگی بۆ کڕین و بۆ ڕۆژی دوایی لەترساندا، نەوەکو بگیرین ڕەوانەی شاری کەلاری کردین. لە کەرکوک بارو دۆخی کورد زۆر خراپ بوو، هەموو کوردان ئاگادارکرابوون کە ئەگەر لە هەرماڵێکدا، خەڵکی دەرەوە بدۆزنەوە، خانوەکەیان دەبەن و خاوەن ماڵەکەش ئەنفال دەکەن.

## شاری کەلار ژیانی و کوڵەمەرگی

.لە کەلار کەمێک شانسمان باشتربوو، چوینە ماڵی زاوایەکی ترمان، زۆرنەرم و نیان و ڕوخۆش بوو، نەدەترسا، هەمیشەی هەوڵی دەدا کە ئێمە بپارێزێت. هەرچەندە ئێمە بەتەمای ژیان نەبووین. دەست کورتێیەکی زۆرمان جێشت. گەرمای هاوین لە نێوان٤٠ و ٥٠ دابوو، ئێمە بە شوین دەڕاسەوە، پاشماوەی ئەو گەنمەمان کودەکردەوە

کە دەڕاسەکە نەیدەپێکا، یان باشترە بڵێم، گوڵە چنەمان دەکرد، جاری واهەبوو تائێوارە تەنەکەیەک گەنمان کۆنەدەکردەوە. دەبو بەشی خاوەن زەویشی لێ بدەین. هەندێ خاوەن زەویش ئەوەند چاوچنۆک بوون دەریان دەکردین.

## گردە گۆزێنە/ کەلار

گردە گۆزێنە نیزیک شار کەلارە، لەوێ ژوورێکی بچوکمان لە خزمێکمان وەرگرت ونیشەجێبووین. براکەم هەرچەندە بچوک بوو بەڵام کەوتە کاسپی بۆ ئەوەی کەمێک بژێومان ئاسان بکات. ڕۆژانە گوڵەبەڕۆژە، ئایسکرێم و ساردەمەنی دەفرۆشت.

ڕاستە ئێمە لە دۆزەخی ئەنفالدا نەسوتایین، ژیانی ڕۆژانی دوای ئەنفال مردنێکی هێدی بوو بۆمان. نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم کە هەمیشە دێتەوە یادم : ماڵی خزمێکمان هەبوو، منداڵێکی زۆریان هەبوو، نانی لە ئاودەست دەشاردەوە بۆ ئەوەی نەبا یەکێ لە منداڵەکانی پێی بزانێت و لە برساندا بەشی ئەوانی تریش بخوات.

ئەم کارەی دەکرد چونکە زۆر دەستکورت بوو. هەروها منداڵێکی بچوکۆلەیان هەبوو، تازە زمانی دەگرت، فێربوو بوو دەیووت : چای نییە بخۆم.

تێبینی ئەوەتان دەدەمێ، کە لە ئوردگای زۆرەملێی (سمود)، زۆربەی خیزانەکانی ئەنفال ژیانیان لەو خزمەمان باشتر نەبوو، بەڵکو لە هەموو مافێکی سەرەتایی ژیان، ئاوی پاک، خواردن، کارکردن، خوێندن و زۆرشتی تر بێبەربوون.

## من و ئەنفال

من لە کارەساتی ئەنفال، سەرباری ماڵ و حاڵی ماڵی دایکم. لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ کەس لە ئامۆزا و خوشکەزام تیاچوون. تا ڕوخاندنی سەدام چاوەڕێبووین کە ئەو کەسە ئازیزانە بێنەوە بۆ لامان.

## له ژێر سایەی دەسەڵاتی دوو زلهێزەکەی کوردستان

من و ماڵی دایکم و هەموو قوربانیانی ئەنفال، چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد، دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ کەمێ باری گرانی ئەنفال لە سەر شانمان سوک ببێتەو، نەک نەکرا، بەڵکو زۆر سوکایەتیشمان پێکرا. لە بری یارمەتی ئێمە، پاداشتی جاش و جاسوسەکان درا، کە دایک و کوڕ و خزمانی ئێمەیان دەفرۆشت بە حکومەت. هەندێ جار ولاتانی دەرەوە یارمەتییان بۆ دەناردین، لە وەش بەشەکەمان لەلایەن هەندێ لە ئەندامانی پارتییەکانی کوردستانەوە دەدزرا و تالان دەکرا. کاری دائیرە کانیشیان بۆ نەدەکردین. ئێمەی بێ کەس، کەسێکی دلسۆز نەبوو یارمەتیمان بدات. هەورەها منداڵەکانیشمان بێ بەر بوون لە خوێندن.

برایەکی بچوکم تووشی گریی دەرونی بووبوو، دەی ووت :تا مامە **سەرکەوتم**، نەگەڕێتەوە، من ناخوێنم. بەو منداڵییە بۆ کەمکردنەوەی باری هەژاری ئێمە کاسپی دەکرد. زۆرجاریش لە سەیتەرەکانی نێوان **توز و کفری**، ئەمنەکان شتەکانیان فڕێ دەدا.

## تاڵه یادگاری ئەنفال

شینی ئەو خەڵکەی دێتە پێش چاوم، کە لەنیوان هەردەکاندا گیری خواردبوو،، گوێم لە ڕوحی ئینسانەکانە، دەزانم ئەو ئینسانانە دەیانویست لە مردن رزگاریان ببێت، دەیانویست بژین. نازانم ڕوی پرسیارم بکەمە چهێزێک؟ کە لە سەر چی ئەو هەموو ئینسانە لەناو چوون؟ کێ تاوانبارە؟

ئەنفال هێندە کاری دەرونی کردوەتە سەرم کە شەوانە، تائێستا خەونم نەماوەو و دکتۆریش ناتوانێت چارەسەرێکم بۆ بدۆزێتەوە.

من هیچ وێنەیەکی کاتی منالّیم نەماوە و بە ئاستەم خۆمم دێتەوە بیر کە چۆن بووم. ئە لبومەکەشم وەکو ئەو خەڵکە، ئاگری ئەنفال سوتاندی.

ئیستا لە وڵاتی سوید دەژیم و خۆشبەختانە کوڕێکم لەو دەستگیرانە هەیە، کە دوای دەساڵ توانیمان یەکتر بگرینەوە. کوڕەکەم ناوی **ئاران** ە و تەمەنی دەساڵە.

## ئاواتی من و ئەوان



دەیڵێمەوە، کە تا ئێستاش ئازارەکانی ئە نفال، بەتایبەتی شەوانە، بەرۆکم دەگرن،

ویژدانم بریندار دەکەن. هیوادارم داداگایەک دامەزرێ بۆ دادگایی کردنی ئەو جاشانەی کە لەگەڵ سوپای عیراقدا ئێمەیان ئەنفالکرد. هیوادارم دەسەڵاتدارانی کوردستان، لایەکی باش لە قوربانیانی ئەنفال بکەنەوە، پشتمان بگرن،چونکە چیبکرێت بۆ قوربانیانی ئەنفال کەمە.، چونکە ئەم دەسەلاتەی ئێستایان. لە سەر خوێن و قوربانی ئێمە هاتوەتە دروستبوون.

**ناسکە موحەمەد غەریب/ سوید**



## کەیسی ژمارە سێ

**ئاسۆبیارەیی**

**٢٠٠٥/٣/٢٣ سوێد**

**فاتیمە لەتیف سەعید**

**تەمەنی ٦٢ ساڵە و خەڵکی شاری کەرکوکە**

من خەڵکی شاری کەرکوکم و ماڵم لە گەرەکی شۆرجە بوو. خێزانەکەم بریتییە لە (مام ساڵح) ی مێردم، دوو کوڕ(هونەر و دلێر) و چوارکچ (شلێر، بوار، چنور و بەهار).

لەبەر ئەوەی مێردەکەم خەریکی کاری سیاسی بوو، ناچار شاری کەرکوکمان بەجێهێشت و لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا لە بناری گل لە ناوچەی گەرمیان،لە گوندی **کانی قادری قەڵا** گیرساییینەوە.

من له ژیانمدا، وەکو هەر دایکێکی کورد، مەینەتی و ئاوارەییم له نیشتمانی خۆمدا زۆر چێشت. دەتوانم بڵێم، زۆربەی ساڵانی تەمەنم ئەنفال بووە.

ڕاسته دوای کیمیاوی بارانی هەڵەبجە، باسی ئەنفال داهات.

ئەنفالی ئێمەی کورد، ئەوسا دەستی پێکرد، که حزبی بەعس هاته سەر حکوم له عیراقدا. سەدام خۆی مێشکی ئەنفالێک بوو بۆ گیانی خەڵکی بێ تاوان.

## (یوم القیامة)ی ئەم دنیا

له منداڵیمەوه تا ئێستام، باسی(یوم القیامة)م بۆ دەکرێ، باسی دۆزەخ و مردن سووتاندن دەبیستم. پێم وایه ئەوەی به گەلی کوردمان کرا، خەڵکی دوای مردن چاوەڕێی دەکات. ئێمه هێشتا له ژیان بووین و ڕەوانەی ئاگری دۆزەخیان کردین. ئێمه گوناحمان تەنها کورد بوون بوو و هیچی تر.

## ئەنفال و کیمیاوی بارانی شاری هەڵەبجە

دەنگ و باس هات، کە سەرکردایەتی (ینک) و شاری هەڵەبجە، بە چەکی کیمیاوی بوردومان کراوە. مەسەلەی کیمیاوی ترسێکی گەورەی لە دڵی خەڵکدا چاند.بمبورن کە ساڵەکهم نایێتەوە یاد، چونکە میشکم تا ئێستاش، لە خەمی ئەو ساڵەی ئەنفال، تێپەڕی نەکردووە.

ناوچەکانی پێشمەرگە، ڕۆژانە بوردومان دەکران، شەوێکیان ووتیان سوپا و چاش خۆیان بۆ پەلاماردانی ناوچەی گەرمیان ئامادەکردوە. ئێمەش هەر ئەو شەوە، چی منداڵ و کەنیشک و پەککەوتە و پیربوو، بەناو گەنم و هەردەکاندا وێڵی خۆ حەشاردانەوەبووین.

لە **بناری گل** دوور کەوتبوینەوە، لە دوورەوە دەمان بینی، کە چۆن حوکمەت ئەو ناوەی کردووە بە ئاگر و دوکەڵ.

لەو ڕۆژەو مێردەکەم و **هونەر** کوڕم کە پێشمەرگەی حزبی شیوعی بوون، لێم بڕبوون. گەیشتینە گوندی **ڕەمەزانی مامکە**، تەواو چۆل بووبوو. با ئەوەش بڵێم

که له گوندی **کانی قادر**، بێجگه ڕوحمان، هیچمان بۆ ڕزگارنەکرا.

کاراونی خەڵکەکە زۆر گەورەبوو، سەرباری ماندویەتی خەڵکی بەبێ ئەوەی چارەنووسی خۆی بزانێت ڕێی دەکرد. وابزانم چوار پێنج ڕۆژێک بێ پشودان ڕێمان کرد.

له نێوان گوندەکانی (**ئیبراهیم غولام و حەسەن پرچن**) دا، جەیش و جاش له گەڵ خەڵکی بێ چارەدا تێکەڵبوو. من و کچەکانم هەرجۆنێک بوو، خۆمان کرد بە شارۆچکەی **قادر کەرم** دا.

## ڕۆژانی خۆشاردنەوە

خزمێکمان که جاش بوو، ناوی **مەحمود مەلا ڕەحیم** بوو، لەگەڵ خوشکێکی **مام سالّح** و ئامۆزایەکی هاتن ئێمەیان ڕزگارکرد و نه گیراین.

له کەرکوک چوین بۆ ماڵی (شیخ جەمیل) و ڕۆژی دوایی خوشکێکی مام سالّح , بردینی بۆماڵی (**شیخ عەتا**) له **شاری کفری**. حەوت مانگ لەوێ له ژورێکدا خۆمان شاردەوه. تەنها شەوانه بۆمان هەبوو بچینه

دەرەوەی ژوورەکە. پیاوانی ئەمن بە شوێنماندا دەگەڕان. لە هەرماڵێکدا ئاشکرا بووینایە، خانوەکەیان دەڕوخاند و خاوەنماڵیشیان ئەنفال دەکرد. خوا هەڵناگریێ **شیخ عەتا** یارمەتی باشی داین و هەمیشە دڵی دەداینەوە.

هاوڕێیەکمان هەبوو ناوی **ئەبو فەلاح** بوو، ڕۆژێکیان ئێمەی لە ماڵی **شیخ عەتا** دی. ماوەیەکی پێ چوو ووتیان **ئەبو فەلاح** گیراوە. ترسمان لێ نیشت و گواستمانەوە بۆ ماڵی (**حەپسەخان**) لە کەرکوک. لەورەش دوو مانگ خۆمان شاردەوە. پاشان گواستمانەوە بۆ هەولێر.

## شاری هەولێر و ترس و گەرما

ماڵمان گواستەوە بۆ هەولێر، لەوێ خێزانی **هاوڕێ (مام فەتاح)** مان دۆزییەوە و ڕێک کەوتین کە پێکەوە بژین. هەردوولا، یەک چارەنووسمان هەبوو. ئەویش مێردەکەی شیوعی بوو و لە شاخ بوو. شایەنی باسە کچکەی مام فتاح (شەرمین) بە کاری درومان هەردوو لامانی بەخێودەکرد.

**شیخ عەتا**. بە هۆی خزمانییەوە توانی لای حکومەت بلێت، کە ئێمە لە ئیران بووین و تازە گەڕاوینەتەوە و کەسمان نە ماوە. کەمێک ترسمان سووک بوو، گواستمانەوە بۆماڵێکی تر و کە مێک ئازادبووین.

خاوەن ماڵەکە ژنێک بوو، تەنها کرێچی ئافرەتی دەویست، درۆیەکی سپیمان کرد کە باوکی منداڵان نەماوە، منداڵەکانم زۆر پێی دڵگران بوون، ووتم : من ناوی باپیرتانم بەو ووتووە. کە ڕاپەڕین دەستی پێکرد، درۆکەمان ئاشکرابو و خاوەن ماڵەکە زۆری پێ خۆشحاڵ بوو. ڕۆژێکیان لە بازار من و **مام ساڵحی** بینی، ووتی ئەمە یەکەم جارە ببینم مردو زیندو ببێتەوە.

بەڵام باری ئابوریمان زۆر خراپ بوو،چونکە کەسێ نەبوو لە ماڵدا موچەی هەبێت و کاسبی بکات، کوڕەکانیشم لام نەبوون. ژورێکی بچوکمان هەبوو، هێندە گەرم بوو کە بە درێژایی ڕۆژگار ئارەقمان دەکردەوە. هەندێ جار کە سەهۆڵمان دەکڕی. تا دەمان هێنایە ماڵەوە، مشتێکی

دەمایەوە. ژورەکەمان هیچی تیانەبوو، تەنانەت پانکەشمان نەبوو، بەشوێن سێبەرەکەدا دەمان گواستەوە.

ڕۆژێکیان کادیرێکی حزبی شیوعی هات بۆ ماڵمان، باسمان کرد کە چۆن دەژین، بەداخەوە هیچ یارمەتییان نەدابن. بیانویان ئەوەیان بوو، کە ئەوان (حزبی شیوعی) تەنها (مام ساڵح یان) پێ بە خێودەکرێ، بەمەرجێک واش نەبوو،یان داوایان کرد، کە دەبێ دوو کادیریان بۆ بشارینەوە ئەوسا یارمەتی ئابوریمان دەدەنێ، منیش ووتم: خاوەن ماڵەکە چۆن ڕازی دەبێت،، بەڵێ ئەوە پاداشی حزب بوو، کە چەند ساڵ و بە ماڵ و منداڵەوە خۆمان بۆی بەخت کرد.

## ئەم خۆشەویستانەم لە ئەنفال ون بوون

ماوەی کارەساتی ئەنفال کەم بوو، بەڵام وەکو ئاگری دۆزەخ خەڵکێکی بی گوناحی سوتاند. کۆمەڵێک خوشکەزاو ئاموازام تیاچوون:-

برازا

سەرکەوت ئەمین تاڵەبانی

گۆران ئەمین تاڵەبانی

خوارەزا

پێشکەوت ستار تاڵەبانی

کەریم فەتاح تاڵەبانی

فاخر فەتاح تاڵەبانی

تاهیر قادر تاڵەبانی و (دووکوڕ،سێ کچ و هاوسەرەکەی)

ناسح قادر تاڵەبانی

لە هۆزەکەم , پتر لە ٥٠ کەس بێ سەر و شوێنن

## لە ژێر سایەی ئازادیدا

پێموایە، ترس و مردن تەواوکەری یەکترن، ترس بەشێکە لە مردن. تا لەگەڵ منداڵەکانمدا یەکم نەگرتەوە، نیوە مردو بووم. بڕواناکەم هیچ شتێک لە دونیادا، تامی ئازادی بدات. لە ڕۆژانی خۆشاردنەوەدا، وەرزەکانی ساڵم لێ وون بوون بوون، مێشکم یەک پارچە دەریایەکی ترس و دڵەڕاوکێ بوو، چاوەروانیەکی سەخت بوو. خەونەکانم دیداری جوانیی باوکی منداڵان و جگەرگۆشەکانم بوو، کە ساتانی ترس، هەڕەشی لە ژیانیان دەکرد، وەڵامم نەبوو.

ڕاپەڕین بەرگی ڕزگاری و بوژانەوە بوو بۆ هەزارەها دایکی وەکو من، کە چەندەها ساڵ، چاوەڕێیی، شەکەتی کردبووم. ئای ئەو ڕۆژە چەند خۆش بوو، کە مام سالّح و چەند هاوڕێیەکی خۆیان کرد بەژووردا، یەکمان گرتەوە، لە نیگایان تێرم نە دەخوارد، دەتووت تازە، زەماوەندێ دەگێڕم و مێرخاسی ئاواتەکانم هاتوە و بەرەو هێلانەی خۆرم دەبات. دیسان خەمی ئەوانەش کە کەسوکاریان ئەنفال قوتی دابوون، شینێکی ناوەختی ناو شایی ڕاپەڕین بوو.

## شانازی و ئاواتەکانم

من شانازی بەوە دەکەم، کە توانیم منداڵەکانم گەورەبکەم و پشتیوانی مێردەکەم بکەم، کە خەباتی دەکرد بۆ هەژاران. ساڵانێکی دوور لە یەکتر بچڕاین، بەڵام ئێستا ئاواتم هاتوەتەدی و لانەکەم پۆشتە و بەرداخە، بێ ترس دەخەوم و منداڵەکانم تەیمانی ئەوین و سۆزیان بۆ دروست کردووم. ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن ژن زەعیفەیە و بێ دەسەڵاتە. ئەوەی ژنان و کچانی کورد،

له شۆڕشی ئەمجارە کردیان، مەزنترین خەباتە، لە مێژوی گەلی کوردماندا، پیاوان دەبێت شانازیمان پێوە بکەن.

## ئەو ئینسانانەی کە قومی بیابان ونی کردن

بە جەستە لە وڵاتی سوێد دەژیم، کەچی بیرم وەکو نەمامێکی ناسک و سەوز، بووەتە ئەلبومێک، فلیمی هەزارەها مرۆڤی لە خۆگرتووە، وێنەکانیان لە سەر هەرد و بەردی ڕوحم دەبینم، ئێستاش، منیش وەکو کەسوکاریان برینەکانم خوێنیان لێ دەکێ، کە گۆڕێکی بەکۆمەڵ دەدۆزرێتەوە.

تێناگەم چون ئینسان، وا بەئینسان دەکات؟ تێناگەم لە و پارتییانەی کوردستان، کە کۆمەڵێک پیاوکوژو ئەنفالچیان لە خۆیان گرتووە، کە تادوێنێ، لە هەردەکانی گەرمیان، ڕاوی ئینسانی کوردیان دەکرد؟ تێناگەم بۆ مافی ئێمەی قوربانیانی ئەنفال، هێندە سووکە. دواوا دەکەم باسی ئەنفال، لە بیرنەکرێ! بکرێتە دەرس و قوتابیانی کورد لە قوتابخانەکان بیخوێنن.

هیوادارم حکومەتێکی باش دەسەڵات وەربگرێت، ئەنفال دووبارە نەبێتەوە، باری گرانی قوربانیانی ئەنفال سووک بکاتەوە، هەرچەندە ئەو ڕۆژانە هەرگیز لە یاد ناچنەوە، هەوڵبدات ئاسەواری ئەنفال نەهێلێت.

## کەیسی ژمارە چوار

**نامەی دایکی زیندانی**

**ئامادەکردن و ڕێکخستنی ئاسۆ بیارەیی**

**هاوینی ١٩٨٩ دۆڵە کۆگەی قەندیل. باشووری کوردستان**

بەڕێزان! لەم نامەیەدا دوو بیرەوەریتان بۆ دەنووسم

**دیمەنی یەکەم:-**

ئەو ڕۆژەی کە بۆ دواجار برا پێشمەرگەکان لەدوای زنجیرە شەڕێکی ئازایانە لە گوندی (قلیجان)ی گەرمیان کشانەوە، ئیمە هەستمان بە چارەنووسی نادیاری خۆمان کرد. ئەنجام واش بوو، سەرلە بەیانی ڕۆژی دوایی سوپای ئەنفالهێنەر ناوچەکەی بۆردومان کرد و گوندەکەی لە دووکەڵ و ئاگردا وون کرد. ئێمە کە چەند خێزانێک بووین لە کەندرەکانی خوارئاوایی خۆمان حەشار دابوو، لە سیمای یەکتر زۆرشتمان دەخوێندەوە و دەممان ووت: بریا خوا مەرگی ئێمەشی زووتر بسەندایە و.. با لە ناوچەی داوێ هەمووومان بکوژراینایە! چەند منداڵێک کە فریای ئەوە

نەکەوتبوون کە دایک و بابیان حەشاریان بدەن، کەوتنە بەر گوللە کۆپتەرەکان و کوژران. بەڵی چۆنی دەگێڕمەوە وایە، کاتێ سوپای دڵپڕ لەقینی ی کلاوسەوزەکانە هاتنە ناو گوندەکەمانەوە، وێنەی گورگی هار منداڵەکانیان وەک گونیە خۆل فڕێ دەدایە ناو ئیڤاکانەوە. ئەو کەسەشی سەرپێچی بکردایە یەکسەر دەکوژرا. جاشەخۆفرۆشەکانیش لەوان خراپتر..یەکێکیان هاواری دەکرد سەیدی وازبهێنە بە هەقی براکەی خۆم بسێنم کە لە ناوچەی قەرەداغ بەدەستی پێشمەرگە کوژرا. لەوێ دەستبەجێ ژن و پیاوابیان جیاکردەوەو لە زیلی عەسکەری قایمیاکردین و پاش چەند ڕۆژێ لە شوێنێ خومان دییەوە کە ناوی نوگرە سەلمان بوو.

**دیمەنی دووەم:-**

چەند ڕۆژی لەمەوبەر(کوردۆ) کوڕم لە باوەشبوو و خەریکبووم سەریم پاک دەکردەوە، دایکانی تریش هەروەها بە منداڵەکانی خۆیانەوە خەریکبوون، لەپڕ قیژەی ژن و منداڵمان لە دەرەوەی زیندانەکەوەکەوتە بەر گوی، بێ دەنگی ڕۆژی حەشەر باڵی کێشا بەسەر

هەموومباندا، گوێی خۆم شل کرد، بەلام تێنەگەیشتم، دیاربوو دانیشتوی بادینانبوون، تەنها چەند ووشەیەک نەبێ. لە ناو دەنگەکاندا دەنگێک ڕایچڵەکاندم، هاواری ژنێک بوو: تکایە کوڕەکەم مەدەن بە سەگ هێشتا نەمردووە! پاسەوانەکان ئەوەی کە کەمێ بێهێزو نەخۆش بوایە دەیانکردە خۆراکی سەگەکان، کە هەردم لەو دیوی تەلە دڕکاوییەکەوە چاوەڕێی لاشەیان دەکرد.

ڕووداوەکە هێندە کاریگەر بوو، کاری کردە سەرهەمووومان، ویستم بگریم بەلام دەمیک بوو سەرچاوەی گریانم ووشکی کردبوو، ئەو ڕووداوە تەنها شەختەی خەمەکانمی ئەستورتر دەکرد.

ئەگەر ئازاری زیندانەکەمتان بۆ باسبکەم، لەوانەیە بەرگەی خەمی یەک ساتی دژواری ئەنفال نەگرن، بەلام دڵنیاتان دەکەم، کە سەرەڕای مەرگی لە بەرچاو، ئاسۆی هیوامان چاوی لەهەڵمەتی شێرانەی ئیوەیە. لەو کاتەدا کە گوێمان لە تەپەی پێی پاسەوانەکانە، فرمێسکەکانمان دەسڕین و ئازارەکانمان دەشارینەوە. بڕوامان بەوەیە کە ڕۆژێک دێت کە بگەڕێینەوە بۆ خاکی خۆمان. تکام وایە

که ئێوەش ئیمە لە بیر نەکەن و دایک و خوشک و کۆرپەکانتان لەم بیابانە بێفەڕەدا دیلی داگیرکەرانن.

**تێبینی**: ناوەڕۆکی ئەم نامەیە نامەی دایکێکی ناو زیندانی نوگرەسەلمانە کە کاتێکی خۆی بەپارەیەکی خەیاڵی لە ڕێگەی کەسی سێیەمەوە گەیانراوەتە دەرەوەی زیندان و لەسەر پارچە پەڕۆیەکی چڵکن بۆ خزمەکانی نووسراوە. ئەم نامەیە لە گۆڤاری پێشەنگ (پارتی گەلی کوردستان) ژمارە ١٩٨٩ لە ژێر ناوی دایکی کوردۆ بڵاوکرایەوە.



## کەیسی ژمارە پێنج

ئامادەکردنی

**ئاسۆ بیارەیی**

٢٠٠٥ سوێد

## دایکی ئەستێرە و دوا دیداری هاوسەرەکەی

### ووشەی ئەنفال

ووشەی ئەنفال دام دەچڵەکێنێت، هێمنی ژیانمی زەوتکردوە، ئارامی خۆم و منداڵەکانمی لە چاڵ ناوە، حەزناکەم گوێم لێی بێت، زۆر پێی سەغڵەت دەبم، ئۆقرەم نامێنێت. ئەنفال ووشەیەکی ناشرینە و سوکایەتی کردنە بەمرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە. ئەنفال وای لێکردوم کە جولەکەکانم خۆش بوێت و بێزم لە وانە بێتەوە کە نەتەوە پەرستن.

منیش وەکو هەزارەها ژنی کورد، ساڵانی ژیانم بەچاوەڕوانییەکی ترسناک بردوەتە سەر، ساتەکانم بە هیوای هاتنەوی هاوسەرەکەم، تەواو کردوە، بە ئاواتێک، کە خەندەی شادی بکاتەوە دیاری بۆ جگەر گۆشەکانم. لە کویرە گوندێکی قەرەداغ، شیوی قازی، لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ١٩٨٧ بوو، دوا سەردانیم کرد. دیدەکانی وەکو ئامێزێکی گەرم، باوەشێک بوو بۆ هەمووومان.



هاوسەرەکەم کە ناسراوە بە مامۆستا خالید. ناوی ڕاستەقینەی (سەلاحەدین حەسەن ئەمین)ە و لەبەر کاروباری سیاسی ناوی خالیدی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو. لەساڵی ١٩٣٧ لە گەرەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە دایکبووە. ماوی ١٠ ساڵ بوو خەباتی شاخی گرتبووەبەر و ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە چالاکی ڕێکخراوەیی و بەستنەوەی ڕێکخستنەکانی دەرەوە بە ناو شاری سلێمانیەوە.

## شالاوی ئەنفال

شالاوی ئەنفال بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ دەستی پێکرد، ئەویش ویستبوی بۆ کاری حزبی بەرەو شار بکەوێتە ڕێ،، ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/٣١ لە گەڵ خەڵکێکی زۆر دەکەوێتە بۆسەی سوپای داگیرکەران، لە بازگەکەی عەربەت بەدیلی دەبرێت.

یەکێک باسی م. خالیدی ئاوا بۆمان گێڕایەوە : کاتێک پێکەوە زیندان بوون: پیاوێکی هێمن و کەم دوو، ڕۆشنیر و قسەزان، هەردەم دەیگوت، دەبێت ئێمە ئاگامان لە یەکتربێت و وورەمان بەرزبێت، لە ژیانی ناخوشەدا دڵی دەداینەوە.

بەڵێ لەو ساڵەوە (١٩٨٧) چیدی چاوم بەباوکی منداڵەکانم نەکەوتەوە، ساڵانێکی سەختم بە ئاواتی هاتنەوەی بردەسەر.

## ژیانی ژێرزەمین و ئازارەکانم

ئەگەر هەریکە کە ئازیزێکی ئەنفالکراوە، باسی سەختی ژیانی خۆی وەکو من بخاتە سەر کاغەز، دڵنیام هێندەی دەریایەک، خەم کۆدەبێتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ مێردەکەم، مامۆستا خالید ‚ بوو بە پشمەرگەی حشع، ئەستێرەی کچم دووساڵان بوو، من فەرمانبەربووم، لە لایەن دایرەی ئەمنەوە فشاری زۆرم بۆ هات و لە مانگی یەکی ١٩٨٠ گیرام، ئەو ڕۆژە تا سەعات دەی شەو کە وتمە بەر ڕەحمەتی لێدان و سوکایەتی پێکردن، لە لایەن دەزگای داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمە بەعس. کەس و کارم بەهەزار تکا و یارمەتی، توانیان لە زیندان دەرم بکەن. تا ماوەی ساڵێک هەموو ڕۆژێک دووجار. ئەمنێک دەهات و لە نێوان سەعاتی هەشتی بەیانی و دووی نیوەڕۆ، ئیمزای ئسپات وجودی پێ دەکردم. تادەهات زیاتر ئەزیەتیان ئەدام، لە ماوەی ساڵێکدا، سێ دائیرەم کرد، ناچار لە ساڵی ١٩٨١ دەستم لە کار کێشایەوە و پەیوەندیم بە شاخەوەکرد.

پاش ساڵێک، لە گوندی دۆلکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کچێکی ترمان بوو، ناومان نا دەریا. شایەنی باسە لە کاتی لە دایک بوونی ئەودا،هیچ جۆرە ئامرازێکی پزیشکی لە بەر دەست نەبوو.

دوای ساڵ و نیوێک، ڕوم کردە شارباژێڕ و لە بەر هەڵگیرساندنی شەڕی براکوژی، بەرەو شاری سلێمانی گەڕامەوە. دژواری ڕۆژانی ژیانم لێرەوە دەستی پێکرد، لە ماڵی براکەم، ژێر زەمینێکم کردە شوێنێ ژیانی خۆم منداڵەکانم. هەر لەو ژێرزەمینەدا، ساڵی ١٩٨٥ (دەوەن) ی کوڕم لە دایک بوو. براکەشم سێ منداڵی هەبوو، ئابواریمان کەوتە سەرئەوان. تا ساڵانی ڕاپەڕین ژیانمان لەو ژێرزەمینە گوزەراند. مامۆستا خالید، لە نامەکانیدا دەینوسی ئاخۆ منداڵەکانمان تێرسکی خۆیان نان دەخۆن

لەبەرئەوەی من و منداڵەکانم بەنهێنی دەژیاین و کاریشم نەبوو، بووبوینە بار بەسەر براکەمەوە. براکەم و ژنەکەی کاریان دەکرد و منیش ئاگام لە مندڵەکان دەبوو. دەکەوتە بەر گوێم کە دراوسێکان دەیانووت: ئەم پیاوە دووژنی هەیە و ژنەکانی چەند تەبان. موختاری گەڕەکی

کانێسکان دەچووە سەر ماڵی براکانم کە من بە دەستەوە بدەن و هەڕەشەی دەکرد

لێیان. دەیان شەومان لە ماڵی خزم و کەس و کار لەترسی گیران، بەسەر بردووە.

لە بەر ئەوەی دایرەی ئەمن، ڕۆژانە ئەیکردە سەر براکانم و خزمان، هەموو کەسێک لێم بیزاربوو بوو، ناهەقیشیان نەبوو، دەبوو خیرا جلی کوردی و عەبا لە بەر بکەم و بەمنداڵەوە، لە شوێنێکی تر خۆم حەشاربدەم تاکو کەمێ وەزعەکە هێمهن دەبووەوە.

ئەو ڕژێمە زۆر دڕندە بوو، کچیک لە دائیرەکەمان، هەمان ناوی منی هەبوو، ئەمنەکان تەحقیقیان لەگەڵ کردبوو کە بزانن منم یا نەء. توشی نەخۆشی دەرونی بوو بوو. دوای ڕاپەڕین چوم بۆلایی و داوای لێبوردنم لێکرد کە بە هۆی منەوە تووشی دەردەسەری بووە.

لەو ماوەیەدا، بۆ دابین کردنی باری گوزەرانی خۆم و منداڵان، هەرچیم هەبوو فرۆشتم.

منداڵەکانم هاوڕێیەتی منداڵانی گەڕەکیان زۆر نەدەکرد، نەبا هاوتەمەنەکانیان پرسیاری باوکیان بکەن، نەبا خائینێک پێمان بزانێت و ئێمەش ڕاپێچی مردن بکرێین. ڕۆژانە مردنم بەچاوی خۆم دەبینی و ڕاوی دەنایین، تێکەڵی کەسمان نەدەکرد، لە پرسیاری باوکی منداڵەکان، خۆمان لادەدا. ژیانێکی دژوارمان بردەسەر. چاوەڕێی مەرگ و ئاگر بوین..

## ئەنفالکردنی باوکی ئەستێرە مامۆستا خالیدی هاوسەرم

بەڵێ، هەواڵی گرتنی باوکی ئەستێرە لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٣/٣١، ژیانمانی هێندەی تر تاڵ کرد، نزیکترین کەس و هاوژیانمیان لێبردم، ڕەشماڵی ڕەشی نائومێدی، ڕوی کردە خیزانەکەمان. ئەستێرە کە تەمەنی ١٠ساڵ بوو، دەیزانی کە باوکی جارێکی دی نابینێتەوە، هوشیاربوو لەوەی کە گوێی لە قسەی براکانم و خوشەکەکانم، کە باسی وون بوونی باوکیان دەکرد.

ئێمە هێندەتر ترسیان، هەرچەندە، مامۆستا خالید، لە زیندانی خۆیان بوو، ئەشکەنجەیان دەدا. دەرترساین ئێمەش بگرن.

## گریانەکەی من و ئەستیرەی کچم

بێجگە من و ئەستێرەی کچم، کە دەمانزانی، مامۆستا خالید (باوکی ئەو و خۆشەویستی من) گیرواه، دەریا و دەوەن، هێشتا بچوک بوون، تەنها تەماشایان دەکردین کاتێک ئێمە بەبێدەگی گریان و ڕۆڕۆمان دەکرد لە گەڵ خوشکەکانی مامۆستادا. ئەو شین و فرمێسک ڕشتنەی ئەو ڕۆژەمان، تا ئەمڕۆش برینەکانمان دەکولێنێتەوە. ئاخر ئێمە کە ئێسکی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەبینین، نازانین کامیان بەشی ئێمەیە، کامیان پاشماوەی جەستەی ئازیزەکەمانە.

من بۆ خۆم تووشی ئیزدواجی شەخسی بوو، لە بەردەم منداڵەکانم و خەڵکدا، خۆڕاگر و بەهێزم بووم. لە ناو دەرونیشمەوە، خۆم بەبێ دەسەڵات و لاواز دەزانی، هەستم دەکرد، چی ڕابردوو و ئاواتمە، وەکو ڕوحی هاوسەرکەم ئەنفال کراوە، ئەرکێکی گران چاوەڕیمە.

تۆقیبووم لە وەی کە نەتوانم وەکو دایکێک ئەرکی دایکانەم، بەرامبەر جگەر گۆشەکانم بهێمنە دی. کە

دوارۆژێکی پرشنگداریان بۆ دروست بکەم. کێشەیَ ئەوەم هەبوو کە چۆن ناسنامە بۆ (دەریا و دەوەن) دەربهێنم.

## ڕاپەرین و مژدەی سەرکەوتن

## ڕاپەڕین بوو ڕوحێکی نوێی بەخشی بەهەمووان.

گەلێک پرسیاری بیَ وەڵام دێنە ئاراوە، ئاخۆ ئەو منداڵەی کە لە ئەنفال ڕزگاری بووە و ئێستا تەمەنی ١٧ ساڵە، هەست بە چی بکات، کە ئازیزانی وونن؟ ئەی هەزارانی تری وەکو من، کە پەستی هاوتنەوەی هاوسەرەکانیانن؟

ڕوم دەکەمە هێزە کوردیەکانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، کە چیان بۆکردین؟ هەرچیشمان بۆ بکرێت لە ئاست گەورەیی و سامناکی ئەنفالدا هێشتا کەمە.

**من وەکو دایکێکی هاوسەر ئەنفال کراو، داوا دەکەم:**

-کە حکومەتی عێراق بە فەرمی (ڕەسمی) دوای لێبوردن لە ئێمە بکات، لە گەل کورد وەکو نەتەوە ببورێت.

- دەستنیشانکردن و ڕیسواکردنی تاوانباران و سزادانیان.

- وەزارەتی ئەنفال دەزگایەکی سەرکی و بەرپرسی یەکەمی قوربانیانی ئەنفال بێت، بەرنامەیەکی درێژخایەن دارێژێت بۆ یارمەتی دانی ناوچە ئەنفال کراوەکان لە هەموو بارێکەوە. هەروەها وەزارەتێکی تایبەتی دابنرێت بۆ ئەو مەبەستە، لەگەڵ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی چاودێری بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانی ئەوە وەزارەتە.

- پێناسەکردنی تەواوی کەسانی ئەنفال کراو و کەس و کاریان، ئاسانی کردنی کاروباری قوربانیانی ئەنفال، ڕاپەڕاندن و بخرێنە پێش هەموو توێژ و گروپێکی کۆمەڵەوە.

- ڕۆژی ١٤ نیسان، بکرێتە ڕۆژی مردن و بەرز ڕاگرتنی یادی قوربانیانی ئەنفال. کەرنەڤالی ماتەمینی

بۆ ڕێزلێنانی شەهیدان، لە هەموو شارەکانی کوردستاندا، لە هەرشوێنێک کوردی تیابێت سازبکرێت. کە ئەم ڕۆژە هەرگیز لە بیرنەچێتەوە. کار بۆ پێناسەکردنی ئەنفال، وەکو کۆکژی مرۆڤ، لە یوئێندا، تۆمار بکرێت.

## فریشتەکانی ژیانم



ئەوەی ئەمڕۆ کە وورەی بەختەوەریم پێ دەبەخشێت، جگەرگۆشەکانمن (ئەستێرە، دەریا و دەوەن) کە گەورەن و چاوم لە دواڕۆژیانە. بریا دەزگاکانی کوردستان، هاوکارییەکی ڕاستەقینەی منداڵانی باوک و دایک ئەنفالکروەکانیان بکردایە. چونکە ئەو پارتییانە، کە ئێستا ئازاد و خاوەن دەسەڵاتن، لە سەر خوێنی ئێمە بووە، لەسەر زەوتکردنی خەندەی ئەو کۆمەڵەکەسەبووە، کە بوونە سووتەمەنی ئەنفال.

## له كۆتاييدا

من زۆر بەنەنگ و سووكی دەزانم كە هەزارەها پیاوكوژ، ئەنفالچی، كە دووبارە خاوەن دەسەڵاتن، ئەوە ئەتكردنی ناوی شەهیدانە، كە ئەوان لە قوربانیانی ئەنفال زیاتر، پێگەی كۆمەڵایەتیان باشترە، بەكارەساتی دەزانم كە پارتییەكانی كوردستان، لەبەر تەلار و پارە پێكەوەنان، هەستی شۆڕشگێڕی خۆیان لە دەست داوە و ئێمەیان پشت گوێ خستوە.

قوربانییەكی تری ئەنفال

دایكی ئەستیرە/ ئافتاو عەزیز عەلی

ئەڵمانیا/ نیۆرنبۆرگ/ نیسانی ٢٠٠٥

## ئاسۆ بیارەیی کێیە

- شوێنی لەدایکبوون: شاری سلێمانی
- خوێندن: شەشی وێژەیی لە سلێمانی و خوێندنی باڵا لە کۆلێژی سۆسیال سایکۆلۆژی لە وولاتی سوێد تەواوکردووە
- بەرهەم:
- کۆمەڵێک هونراوە، ساتیر، ووتاری ڕۆژانە و چەند راپۆرتی زانستی لە سەر دەروونناسی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕۆژنامە و سایت.
- لەسێبەری پیاوسالاریدا، توێژینەوەی زانستی. بە کوردی
- کەیسی زمانی یەکگرتوو. دید و بۆچون.کوردی
- ژنانی کورد و ساتەکەنیان لە ڕۆژانی ئەنفالدا. تیزی زانستی بەزمانی سوێدی
- پەروەردەی پێچەوانە، تیزی (ماستەر ئاستی یەک) ماجستێر. بە زمانی سوێدی
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری هەورامان.
- ئاستەنگیەکانی پێشکەوتنی ئافرەتی (ژنان و کچان)

ڕەوندی کورد. توێژینەوەی زانستی ٢٠٠٩

- گرنگی یاری بۆ منداڵان. توێژینەوە
- ژیانی منداڵان لەچەند وەستانێکدا، دەستدرێژی سێکس ئینسێست بە نموونە ٢٠١٠
- لە ئامێزی سۆشیال سایکۆلۆژیدا ٢٠٠٦-٢٠٠٩ بەرگی کۆمەڵێک تویژینەوەی زانستی
- چەند شارۆیەک* لە نێو لاپەرەکانی شۆڕشی ئەیلولدا. توێژینەوەی سۆشیال سایکۆلۆژی دەربارەی بزوتنەوەی ئەیلول
- سەرنووسەری گۆڤاری هۆرامان لە ساڵی ٢٠٠٥–٢٠١٠
- یادەوەرییەکانی داستانەکانی بەتالیۆنی حەوتی هەورامانی حزبی شیوعی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦– ١٩٨٨.
- لە نێوان بێڕەنگی و نەبوونی هەستی نەتەوەیی نیشتمانیدا ساڵی ٢٠١١

Kurdish women and girls
during the Anfa hell.




By Asso Byari 2005-2008

Copying of this material is reserved to the author